# ئەو جەنگەی
# دەکرا رووی نەدابا

## یاداشتەکانی یەڤگینی پریماکۆف
## لە جەنگی کەنداو

وەرگێڕانی: مەجید سالح

ناوی کتێب: ------------- ئەو جەنگەی دەکرا رووی نەدابا

ناوی نووسەر: ----------- یەڤگینی پریماکۆف

وەگێڕانی: ------------- مەجید سالح

تیراژ: --------------- ٥٠٠دانە

کۆمپیوتەر: ------------ چاپخانەی ئەستێرە

چاپخانە: -------------- چاپخانەی داناز

# ناوەڕۆك


ناوەڕۆك........................ 3
پێشەكی........................ 4
بەشی یەكەم........................ 5
ڕێگە چارەی ئەلتەرناتیف هەبوو........................ 6
دیدارێك لە هلسنكی........................ 8
كورتەیەكی مێژوویی........................ 11
بەڕێگاوە بەرەو عیراق........................ 13
لە بەغدا........................ 15
بەڕاشكاوی وتووێژ لەگەڵ صدام حسین‌دا دەكەین........................ 17
بەشی دووەم........................ 23
پێش قۆناغی دووەم........................ 24
لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا........................ 27
چەند دیدارێك لە ولاتە یەكگرتووەكان........................ 30
دیدارێك لەگەڵ خانمی پۆلایین‌دا........................ 33
بەشی سێیەم........................ 35
دیسانەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست........................ 36
گەڕانەوە بۆ بەغدا........................ 40
لەسەر خاكی سعودی‌یەدا........................ 43
جارێكی تر لە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا........................ 46
بەشی چوارەم........................ 48
دەست پێ كردنی كردەوەسەربازی‌یەكان........................ 49
گەشتی سێیەمم بۆ بەغدا........................ 52
پلانەكەی گۆرباچوف........................ 56
كۆتایی دراماكە........................ 62

# پێشەکی

دەبوو ئەم کتێبە پێش چەند ساڵێك وەربگێڕدرایە بۆ زمانی کوردی چونکە ئەوکات تامو چێژی زیاتر دەبوو. هەرچەندە من بۆ ساڵێك زیاترە وەرم گێڕاوە، بەڵام بێ دەرامەتیو گرانی چاپو چاپەمەنی وای کرد بۆ ئێستا دوا بکەوێ.

پریماکۆف، ئەو پیاوەی کە روسەکان وەك وارسی پەیوەندی‌یەکانی خۆیانو عەرەب بەگشتیو عێراق بەتایبەتی سەیری دەکەن، لەم یاداشتانەی‌دا ئەو نهێنی‌یانە دەدرکێنی کە لەسەردەمی پێش هەڵگیرسانی ئاگری شەڕەکەو ساتە قورسەکانی شەڕەکەدا بەلای خۆمانەوە شاراوە بوون. پریماکۆف دۆستو هاوڕێی صدام حسین لە بیرەوەری‌یەکانی‌دا شیرازەی ناوەوەی دەسەڵاتدارانی عیراق لەو قەیرانەی کە خۆیان دروستیان کردبوو پێ پەردە باس دەکات. خوێندنەوەی ئەم بیرەوەری‌یانە جگە لە واڵاکردنی کەمێ لە نهێنی‌یەکانی جەنگی کەنداوی دووەم، ئەو توانایەش لای خوێنەر دروست دەکات کەپێشبینی هەندێ لە رووداوی تری ئەو جەنگە بکات کە هێشتا ژیلەمۆکەی نەکوژاوەتەوە.

مەجید

# بەشی یەکەم

لە دووهەم ڕۆژی مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٠ تانکەکانی سوپای عـێراق سنوری وڵاتی کوەیتیان بەزاندوداگیریان کرد. دوای چەند ڕۆژێـك عـێراق ئەو وڵاتەی خستە سەر خاکی خوی وکردی بە پاریزگای ژمارە نۆزدە٠ لـە بەرامبەردا زۆربەی وڵاتانی دنیا بە یەك دەنگ داوایان لـەعێراق کـرد بـێ هیچ مەرجیك پاشەکشە بکات و دان بە سەروەری خاکی کوەیت دابنێ بـۆ ئـەم مەبەستەش چەندین بڕیـار لەلایـەن ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتووەکان دەرچوو٠ ( بڕیارەکان بی هیچ کۆسپێك بەبڕیاری سزادانی ئابوریشەوەدەرچوون، ئەمەش پێچەوانەی جـاران بـوو کـە ڕاویژێکـی زوری لەسەر دەکرا). بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش هەر چەندە تا دەهات زیاتر توندو تیژتر دەبـوو ؛ بـەڵام نەگەیشـتە ئامانجـە خواسـتراوەکان وعـێراقیش زیاتر لاسار تر دەبوو. ئەمەش ڕەنگدانـەوەی بـاری دەروونـی صدام حسـین خۆی بوو لە وانەیە وای دانـابێ کـاتی زوری بومنـاوەرەکردن بەدەسـتەوەیە (منیـش ئـەوە بـەدوورنازانم)٠ هـەر لەبەرئەمـەشـە لـە ئـاڵۆزترین جێگـاوە دەستی پیکرد.

## ریگە چارەی ئەلتەرناتیڤ هەبوو

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیو دەولەتی؛ دەست کـرا بە گواستنەوەی هێزە سەربازیە ئەمریکایی وهاوپەیمانەکان بەسـوپای دەولەتـە عەربیەکانیشەوە بۆ عەرەبستانی سعودی یە٠ پێشتر سعودیە داوای لەئەمریکا کردبوو بێت بە هانایەوە نەبادا دوای کوەیت عێراق پـەلاماری ئـەویش بـدات٠ ئابلۆقەی ئابوری سەخت وپیشان دانی هێز بەو قەبارەیە بوونە لەمپەر لەبـەردەم دۆزینەوەی ((بوارێك)) لەبەردەم چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ئـەو قەیرانـەی کـە صدام حسین دروسـتی کردبـوو ٠ سـەرەتا عەرەبـەکان خۆیـان هـەوڵیان دا تاکومەسەلەکە چارەسەربکەن؛ ئەمەش شتیکی سروشتی بوو؛ چونکە کێشـەکە لە نێوان دوو وڵاتی عەرەبی دابوو ئەو وڵاتانەشی کردبووبە دووبەشەوە، ئەمەش

لەڕوانگەی ململانیەی عەرەب - ئیسرائیلەوە بەتراژیدیایەکی ترسناك لە قەڵەم دەدرا٠ نوێنەری پایە بەرزی وڵاتانی باکوری ئافریقیاو ئوردن و سەرکردەی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتن٠ دەتوانرێ قۆناغی (( تەقەلا ئاشتی خوازەکانی عەرەبی)) لەوەدا چڕ بکرێتەوە کە دەیانویست ڕێگە چارەیەکی عەرەبی بۆ کیشە کە بدوزنەوە ٠ ئەمەش خۆی لە بەستنەوەی کشانەوەی عێراق لە کوەیت وهەنگاونان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی فەلەستین دەبینیەوە ئەم فکرەیەش زۆر بەزەقی لە ووتارەکەی ١٢ی ئابی صدام حسین دا دەرکەوت ٠( لێرەش دا باری دەروونی صدام حسین ڕۆڵی خوی هەبوو )) ٠ صدام حسین لەم ووتارەیدا ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکان دەربڕی. واتە کشانەوە لە کوەیت ببەسترێتەوە بەدەرچوونی سوریا لە لوبنان وچارەسەر کردنی کێشەی فەلەستین٠ ئەم پێشنیارە کاریگەری یەکی پڕوپاگەندەیی لەسەر ڕووداوەکانی ناوخۆ هەبوو. عێراق لەدنیای عەرەب دا وەك تاقە تێکۆشەری کێشەی فەلەستین دەرکەوت. دەبێ بوترێ دەکرا جەماوەری عەرەب داگیرکردنی کوێت وەك ((بەها))یەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین سەیر کەن. کەچی لەڕاستیدا ئەوەی صدام حسین داوای دەکرد بەهیچ جۆرێك قەبوڵ نەدەکرا، چونکە ڕازی بوون لەسەر ئەو پێشنیارە مانای خەڵات کردنی دەست درێژیکەرو هاندانی شەڕەنگێزیە. هەرچەندە جیهان بەتازەیی لەجەنگی سارد ڕزگاری ببوو، بەڵام هێشتا تارماییەکانی جەنگی گەرم لە هزردا نەڕەوی‌بووەوە. جەنگی جیهانی دووەم دڵنیا کردنەوەی دەست درێژ کەر لە ((موینخ)) ڕێگەی بۆ خۆش کرد. کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی پێشنیارەکەی ١٢-ی ئابی صدامیان ڕەد کردەوە. بەڵام پرسیارێکی دوو فاق بێ وەڵام مایەوە: بە شێوەیەکی گشتی چی بەربەستێك هە بوو لەبەردەم تەقەلای عەرەبەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی فەلەستین لە ڕێگەی ناچارکردنی عێراق بۆ کشانەوە لە کوێت؟ هەروەهاچ ڕێگرێك هەبوو لەبەردەم چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی کە داگیرکردنی کوەیت دروستی کردبوو لە ڕێگەی چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی تری گرنگ کە پەیوەستە بە ئاسایشی

ناوچەکەوە، واتە کێشەی عەرەب - ئیسرائیل؟ لە مانگی ئابدا زیاد لە جارێك ((میخائیل غورباتچۆف)) لەکاتی تاوتوێ کردنی دارشتنی پلانێکی سیاسی بۆ چالاکیە دیپلوماسیەکانی یەکێتی سۆفیات ئەم مەسەلەیەی باس کرد بوو. هەر لەو کاتەدا بیرۆکەی ناردنی نوێنەری تایبەتی سەرۆك کۆماری سوفیات بۆ راوێژ کردن لەگەڵ صدام حیسن‌دا سەری هەڵدا. ئەم بیرۆکەیە راستەوخۆ جێبەجێ نەکرا، چونکە کەناڵی ترمان لەبەردەستا بوو. صدام حسین لە مۆسکۆ پاڕایەوە تاکو پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی تاریق عزیز بکات. بەڵام یەکسەر کەم و کورییەکانی ئەو شێوازەمان بۆ دەرکەوت. چونکە تاریق عزیز وەك هەر کەسێکی تر لە تاقمەکەی صدام حسین‌دا نەیدەتوانی بێ وەرگرتنی رای صدام هیچ بڕیارێك بدات. ئەو ئەرکی تەنیا شی کردنەوەی هەڵوێستەکانی عێراق بوو، بگرە شی‌کردنەوەکانیشی لە چوارچێوەیەکی دیاری‌کراودا تێ نەدەپەڕین. لە راستی‌دا ئەو پۆستەچی‌یەك بوو بۆ گواستنەوەی نامەکان.

## دیدارێك لە هلسنکی

لە ٩ی ئەیلولی ١٩٩٠ سەرانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆفیات لە هلسنکی لەسەر داوای سەرۆك - بۆش - کۆبوونەوەیەکیان بەست. مۆسکۆ وای دەبینی قەیرانەکە ناگاتە ئاستی پێکدادانێکی سەربازیو فشاری ئابووریو پیشاندانی هێزەکان مەبەستە دیاری‌کراوەکان بەدی دێنن.

هەروەها مۆسکۆ دەیزانی پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، خەریکە بنەمای سیستەمێکی یاسایی نوێ بۆ جیهان دێتە دامەزراندن. لەو سیستەمەدا مەسەلەی بەکارهێنانی هێزو دەست خستنە ناو کاروباری وڵاتان قەدەغە کرابوو. سروشتی‌یە دەبوایە ئەو کاتە قسە لەسەر ئەو مەبەستانە بکرێت کەزۆر بەسەختی بەناو ئەو کۆسپو تەگەرانەدا تێ دەپەڕێ کە سەردەمانی ململانێی ئایدۆلۆژیو ناردنەدەرەوەی شۆڕش دروستی کردبوو ئەو ڕێبازە

سیاسی‌یەی کە سۆفیات لە ساڵی ١٩٨٥ -ەوە پەیڕەوی لێ دەکردو ئەو گۆڕانو پێشکەوتنانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسی نێودەوڵەتی‌دا ڕویان دابوو، کەشێکی وایان ڕەخساندبوو تا دامەزراندنی سیستەمێکی جیهانی دادپەروەرانە ئامانجێکی ڕیالیستی‌و پراکتیزەکردنیشی ئاسان بێت. سەرۆك گۆرباتچۆف بەم هزرە ((ستراتیژی‌یەوە)) چوو بۆ (هلسنکی). لەو وتووێژانەدا کە تاکو نیوە شەوی خایاند، گۆرباچۆف جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێ بۆ ناچار کردنی کشانەوەی عێراق لە کوەیت جارێکی تر مەسەلەی فەلەستینی‌یەکان بخرێتەوە سەر باس. ئەتوانم بڵێم کشانەوەی عێراق لە ڕێگەی سیاسی‌یەوە دەرگای لە بەردەم چالاك کردنی گفتوگۆی عەرەب - ئیسرائیلدا دەکردەوە.

لەو دانیشتنەدا بەهیچ جۆرێ باس لە قسەکانی ١٢-ی ئابی صدام حسین نەکرا، چونکە قسەکانی قابیلی قەبوڵ نەبوون. ئەگەر ئەمریکا لەسەر نەخشەکەی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین ڕازی دەبوو ئەوکات صدام حسین بەنەکشانەوە لە کوەیت بەر پرسیاری‌یەکی گەورەی لەمەڕ چارەسەرنەکردنی کێشەکە دەکەوتە ئەستۆوە.

(صدام کەی لە بەرپرسیارێتی ترساوە تا ئەوکات بترسێ - وەرگێڕ-).

گۆرباچوف ئەم قسانەی بۆ بۆش کردبوو، تەنانەت لە بەیاننامە هاوبەشەکەش‌دا کاتێك باس لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە دەکرێ، مەبەست ئەو قسانەی سەرەوەیە. لەوانەیە لە دەستنیشان کردنی بڕگەکان‌دا بەباشی دیار نەبێ، بەڵام لە ڕاستی ئەمریکای‌یەکان بڕگەکانیان تەمو مژاوی کردبوو.

بەبڕوای من بەو حاڵەشەوە ئەو بەیاننامەیە هەڵێکی گرنگی بۆ چالاکی‌یە سیاسی‌یەکان ڕەخساند. لەو دانیشتنەدا هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی پێکدادانی سەربازی ڕوو نەدا، کەچی نەدەکرا ئەگەری بەرپابوونی جەنگ بەتەواوی بەدور بزانرێ، چونکە هەموو شتێك لای صدام حیسن کۆتایی دەهات.

هەر لەسەرەتای بەرپابوونی قەیرانەکە ئێمە تەسەوری خۆمان لەسەر ئەو نرخەی کەدەبێ لەکاتی هەڵگیرساندنی شەڕدا بدرێ، هەبوو.

لەو سەردانەی گۆرباچوف بۆ هلسنکی ((ئاخرومێف))ی ڕاوێژکارو مارشالی یەکێتی سۆفیات هاوەڵی دەکرد. ((ئاخرومێف)) کە شارەزایەکی

سەربازی گەورەیە، بەهاوتا ئەمریکای‌یەکانی وتبوو: کردەوە سەربازی‌یەکان ناوچەکە تووشی کارەساتو زیانێکی بەشەری گەورە دەکات. جەنگەکەش تەنیا بەلەناوبردنی سەنتەرەکانی بەڕێوەبردنی عێراق لەلایەن هێزە ئاسمانی‌یەکانی ئەمریکاوە کۆتایی نایەت. حەتمەن پێکدادانی زەمینیش زیانی بەدواوە دەبێ. هەر لەو کاتەدا داوامان لەسەرۆك گۆرباچوف کرد بیروڕای خۆیمان لەسەر قسەکانی جۆرج بۆش بۆ باس کات. ئەو باوەڕی وابوو کە گرنگترین ئەنجامی ئەو دیدارە لەوەدا بوو کە بۆش حەز دەکا قەیرانی کوەیت لە ڕێگەی دیپلۆماسی‌یەوە چارەسەر بکات.

بۆ پشتگیری قسەکانی جۆرج بۆش سەرۆك گۆرباچوف ووتی: ((گواستنەوەی هێزی سەربازی بۆ ناوچەکەو چالاك کردنی تەقەلای سیاسی لەناو ئەنجومەنی ئاسایش، زۆر مەسەلەی گرنگی تری چارەسەر کردوە کە لەوانەیە ئاڵۆزی‌یەکی گەورە تری بخولقاندایە. وەك پەرەسەندنی کردەوە سەربازی‌یەکانی عێراق بۆ سەر وڵاتانی تری کەنداوو ڕوونەدانی قەیرانی نەوت کە ئابووری جیهان بخاتە مەترسی‌یەوە. ئەوکات عێراقو کوەیت بەهۆی قەیرانەکەوە نەوتیان نەدەگەیشتە بازاڕەوە. هەر لەبەر ئەمانەشە بەرەیەکی باڵاو لەوپەڕی ئاستەمە ڕەسمی‌یەکان دژ بەو دەست درێژی‌کردنە دروست ببوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە دەبوایە هەوڵێکی دیپلوماسی‌یانەی بەرفراوانیش بخرێتە گەڕ. یەکێتی سوفیات بۆی دەرکەوت کە ئەمریکا لە وتووێژەکانی هلسنکی‌دا داوای پابەندبوون بەبڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی لێ دەکات، بەتایبەت ئەو بڕیارانەی کە لەسەر سزا ئابووری‌یەکانە. چونکە ئەمریکایی‌یەکان پشتیان بەو ئەنجامانە بەستبوو کە لەو بڕیارانە دەکەوتنەوە. ئەمریکا وای دەبینی ئەو ئابلوقە ئابووری‌یە لە کۆتایی‌دا صدام حسین ناچار دەکات لە کوەیت پاشەکشە بکات. یەکێتی سۆفیاتیش دڵنیای کردەوە کە پابەند دەبێ بەو بڕیارانەوە. لەو دانیشتنەشدا باس لەو ماوەیە کرا کە هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا دەمێننەوە. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسی‌یەکەدا جۆرج بۆش ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی کاتی لەوێ دەمێننەوە. پاش وتووێژەکان،

خوانی نیوەڕۆ بۆ وەفدی هەردوولا دروست کرا. کورسی یەکەی من لە نێو هاوسەری سەرۆك بۆش و جنرال (سکوکروفت) جێگری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بوو. جنرال دەیزانی مَن شارەزای کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستم و لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی عەرەبدا پەیوەندیم هەیە. بۆیە پرسی: دواین جار کەی صدام حیسن ـت دیوە؟ دەمزانی جنرال دەیەوێ بزانێ کە من پاش قەیرانی کوەیت سەرم لە بەغدا داوە یان نا؟ لە وەڵامدا ووتم: نەخێر ماوەیەکە سەردانی بەغدام نەکردووە.

## کورتەیەکی مێژوویی

ناسیاویم لەگەڵ صدام حسیندا شتێکی نهێنی و شاراوە نییەو مێژوویەکی کۆنی هەیە. لەسالانی شەستدا کاتێك پەیامنێری ڕۆژنامەی ((پرافدا)) بووم لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چەندین دیمانەی ڕۆژنامە نووسیم لەگەڵ ((مەلا مستەفا بارزانی)) سەرکردەی کوردە شۆڕشگێڕەکاندا سازدا. ئەو لەمێژە پەیوەندی لەگەڵ ولاتەکەماندا هەیە. پاش ئەوەی کۆماری کورد هەرەسی هێنا، مەلا مستەفا هات بۆ سۆفیاتو دوازدە ساڵ تێیدا ژیا.

ساڵی ١٩٥٨ ڕژێمی پاشایەتی عێراق ڕوخاو نوری سەعیدی دەسکەلای ئینگلیز تیاچوو. لەو کاتەدا بارزانی گەڕایەوە عێراقو لەسەردەمی عبد الکریم قاسمدا بۆ ماوەیەك بوو بەجێگری سەرۆك وەزیران، بەلام پاش ئالۆز بوونی نێوانیان بەناچاری گەڕایەوە کوردستانو لەگەڵ کوردەکاندا شۆڕشی دژ بەبەغدا دەست پێ کردەوە. چەسپاندنی ئاشتیو ئارامی لەبەرژەوەندی یەکێتی سۆفیات بوو. هەر لەو کاتەدا لە هەموو ئاستەکاندا پەیوەندیمان لەگەڵ عێراقدا دروست کرد، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کوردستاندا هەربە باشی مایەوە. ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار چاوم بەصدام حسین کەوت.

ئەوکاتە هێشتا نەبو بەسەرۆکی عێراق، بەلام یەکێك لە بەدەسەلاترین سەرکردەکانی ئەو ولاتە بوو. من وەك ئەندامێکی لێك نزیك کردنەوەی

هەردوولا بەشداریم کردو صدام حسین-یش لێپرسراوی مەسەلەی کورد بوو. بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لە عێراقدا صدام دەیتوانی ڕۆلێکی گرنگ ببینێ. هەر لەوکاتەدا ئاشنایەتیم لەگەڵ تاریق عزیزیشدا پەیدا کرد. عزیز لەو کاتەدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی ((الثورة))ی بەغدا بوو. هێشتا نائارامییەك لە ئارادا بوو چونکە باڵی صدامو تاریق عزیز تازە هاتبوونە سەر تەخت. لە نووسینگەی هەردوولایاندا ڕەشاشی لەسەرپێ دانرابوو. هەر لەو کاتەدا خسلەتەکانی صدام حسین دیاربوونو کە بوو بەسەرۆکی عێراقیش هێندەی تر ئاشکرا بوون.

صدام پیاوێکی توندڕەوی تورەیەو هێزی ئیرادەی هەندێ جار دەگاتە چەوسانەوەو توندوتیژیو ملهوڕی. سەرەڕۆیەو دەیەوێ بەهەر نرخێك بووە بگاتە مەبەستەکانی. ئەم خەسلەتانە لەگەڵ نهێنییەکی ترسناکدا تێکەڵ بووە. بەپێویستی دەزانم دوو ڕووداوی جیا لەیەك بگێڕمەوە.

ساڵی ١٩٧٠ کاتێك میکانیزمی وتووێژ لەگەڵ کوردەکاندا لە ئارادا هەبوو، کاتی ئەوە هاتبوو رێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ کوردستان مۆر بکرێ. لەناکاو صدام وتی: ناتوانم ئەو ڕێکەوتنامەیە ئیمزا بکەم، چی گرنتیەك هەیە کوردەکان جارێکی تر شەڕ دەست پێ ناکەنەوە؟. لەوەڵامدا وتم: هیچ گرنتیەك نییە. بەڵام ئەگەر کوردەکان ئەو ڕێکەوتنامە پێشێل کەن ئەو کاتە بەتەنیا دەچنە ناو شەڕەکەوە، چونکە نەئێمەو نە هیچ هێزێکی تر پشتیوانیان لێ دەکات.

ئایا ئەمە بێکەڵکە؟ دوای نەختێ بیرکردنەوە صدام حسین بەو بەڵگانە ڕازی بوو. لە یازدەی ئازاردا ڕێککەوتنامەکە مۆر کرا، بەڵام نائارامییەکە هەر مایەوە تا دەهات زیاتر تەشەنەی دەسەند. ساڵی ١٩٧٤ جارێکی تر ئاگری شەڕ لەلایەن کوردەکانەوە هەڵگیرسایەوە.

ڕووداوی دووەم: لە کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە باکوری عێراق من بەو پێیەی جێگری بەڕێوەبەی پەیمانگای ئابووری جیهانیو پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکانی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆفیات بووم، جارێکی تر هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا چاوم بەصدام حسین بکەوێتەوە. لەو دیدارەدا بارزانی باسی ئەو

هەوڵە تیرۆریستیەی بۆم کرد کە چەند مەلایەك بۆ کوشتنی پیی هەستاوون. یەکێك لە مەلاکان قومبەلەیەکی کۆنترۆڵ کراوی بۆ دانابوو. شوفێری یەکێك لە سەربازەکانیان بەلاسلکی لە دەرەوە تەقاندبوویەوە بەڵام بارزانی بەسەلامەتی دەرچوو، چونکە رێك لەکاتی تەقینەوەکەدا چایەچی‌یەکە لەبەردەم بارزانی‌دا چەمابووەوە تاکو چای بۆ دانێ. بارزانی باوەڕی وابوو ئەو پلانە صدام دایڕشتووە.

سالانی حەفتاو هەشتاکان لەکاتی هاتنی صدام بۆ مۆسکۆ یان چوونی من بۆ بەغدا لەگەڵ صدام حسین‌دا یەکترمان دەدی. وام هەست دەکرد پەیوەندیم لەگەڵیا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانم بەڕاشکاوی لەگەڵیا قسە بکەمو دیپلومایسەت بەکار نەهێنم، بەڵام دەبوو باری دەروونی ئەو لەبەرچاو بگرم. (دەبێ لەکاتی رەفتار لەگەڵ رۆژهەڵاتیەکان‌دا باری دەرونیان لەبەرچاو بگیرێ).

دەمزانی سەرۆك گورباچوف پەیوەندی‌یەکانی منی لەگەڵ صدام حسین لە بەرچاو گرتووە، بۆیە لەگەڵ س. پیلوسوف-ی جێگری ئەنجومەنی وەزیرانی دەرەوە هەڵی بژاردوین تاکو سەردانی بەغدا بکەین.

## بەرێگاوە بەرەو عێراق

بۆ دوو مەسەلە راپانسپاردین، کۆسپ نەخستنە بەردەم ئەو پسپۆرانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ وڵات. هەروەها تاکو بەصدام بڵێین سەرپێچی کردن لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێ سوودە. لە هەمان کاتدا دەگەڕاین تاکو ئەو خاڵانە بدۆزینەوە کە عێراقی پێ ناچار بکرێ بۆ ئەوەی لە کوەیت بکشێتەوە. لەو فڕۆکەی کە پیی دەچووین بۆ بەغدا ئەم بەرێزانەش سوار بوون. مارکادیان یاریدەدەری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و راوێژکاری ئەرتیموف (ئەم دووانە لە سەردانەکانی ترمدا بۆ بەغدا لەگەڵما بوون)، هەروەها ف. کولوتوشاو س. کرینچیکو کە بەرپرس بوون لە وەزارەتی دەرەوەی سۆفیات.

لەگەڵ ف. موردفینوف نوێنەری پەیوەندییە ئابوورییەکانی دەرەوە. سەرەتا لە عەمانی پایتەختی ئوردون نیشتینەوە. ئەمەش بەناچاری نەبوو، بەلکو ڕۆژی پێش گەیشتنمان بۆ بەغدا تەرخان کرد بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ (شا حسین) و سەرکردایەتی ئوردونو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین. کاتێك فەلەستینیەکان زانیان ئێمە لە - ئوردون- نین بەسەرۆکایەتی عەرەفات لە - تونس - وە گەیشتنە لامان. شای ئوردونو فەلەستینییەکان پێشوازیان لە هەڵوێستی صدام حسین دەکرد. بۆیە دەبوایە سەرەتا ئەو کەسانە بەکاربهێنین کە لە - صدام - وە نزیکن. ئەمەش وتووێژەکانمانی لەگەڵ ئەودا ساناتر کرد. دەبێ ئەوەش بوترێ سەرکردایەتی ئوردون لە تەشەنە سەندنی ڕووداوەکاندا هەستیان بەمەترسییەکی گەورە کرد. ئەوەشیان دەزانی کە ناتوانن بەرگەی ئەو تەوژمە بەهێزە بگرن کە بەخێرایی بۆ ناو گەردەلوولە ترسناکەکەیان ڕاپێچ دەکات. بەهەر حاڵ شاحسین ئامادەیی خۆی پیشان دا تاکو هەموو توانا دیاریکراوەکانی خۆی بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی صدام حسین نەختێ لە سیاسەت نەرمی پیشان بدات.

(ئوردون دراوسێی ئیسرائیلەو فەلەستینییەکان ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئوردن پێك دەهێنن. لەماوەی چڵ ساڵدا ئوردون دووجار لەگەڵ ئیسرائیلدا جەنگاوە. جگە لەوانە ئوردون لە ڕووی ئابوورییەوە بەستراوەتەوە بەعێراقەوە).

(شاحسین) بەچاوی دڵنیاییو دوور لە گومانەوە دەیڕوانیە تەقەلاکانی سۆفیات، وپەیمانی دا خۆیو چی لە هەوڵە هاوبەشە عەرەبییەکاندا پشتیوانی تەواو لە هەنگاوەکانمان بکات. وتووێژەکانمان لەگەڵ فەلەستینییەکاندا لە شێوازدا هەندێ جیاوازی هەبوو. وەك هەموو جارێ دیدارەکانمان بە هەندێ بڕگەی بەلاغی لەلایەنە دەروونیەکەی تێدا پارێزرابوو دەستی پێ کرد.

فەلەستینییەکان لە هەموو کەسێ زیاتر دەیانویست هەڵسەنگاندنی قەیرانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دوو لۆژیکی جیاواز (یەك بۆ کوەیتو یەك بۆ فەلەستین) پەیڕەو نەکرێ.

زۆری نەبرد ئاراستەی قسەکانمان رووی لە جێگەیەکی تر کرد. یاسر عەرەفاتو زۆرینەی سەرکردەکانی تری فەلەستین وەك (ابو ایاد)- کە بەهەڵگیرسانی جەنگی کەنداو بەدەستی بەکرێگیراوێك کوژرا - وابو مازنو یاسر عبد ربە دڵگرانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کوەیت لە رێگەی سەربازی‌یەوە پیشاندا. دیدارەکە بەوە کۆتایی هات عەرەفات داوای کرد تاکو فرۆکەکەی بۆ ئامادەکەن بۆ ئەوەی بەر لەئێمە بگاتە بەغداو تواناکانی خۆی بەکار بهێنێ (بۆ ئەوەی دیدارەکەی ئێمە لەگەڵ صدام حسین‌دا سەرکەوتوو بێت). گومانم لەوەدا نەبوو ئەوەی کە پاشتر قەوما هەمان ئەو شتانە بوون کە پێشتر ووتران. یاسر عەرەفات هەوڵی دا تاکو هەموو توانا دیاریکراوەکانی خۆی بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی صدام حسین هەڵوێستێکی بنیادنەرانە بنوسێ.

## لە بەغدا

لە چواری تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ بەفرۆکە لە عەممانەوە بەرەو بەغدا کەوتینە رێ. تاریق عزیز لە فرۆکەخانە پێشوازی لێ کردین. لێی پرسیم یەکەم جار لەگەڵ خۆی‌دا ئاخافتن بکەم یان یەکسەر لەگەڵ صدام‌دا قسە بەکەم. ووتم لەپێش‌دا خۆی بدوێنم. چەندین سەعات پێکەوە قسەمان کرد. دژوارترین دانیشتن بوو. لێرەدا پێویست ناکا بەدرێژی قسەکان بگێرمەوە. عزیز جارێکی تر ویستی وەك مانگی رابردوو باسی ئەوەم بۆ بکات کە (کوەیت لە رووی مێژوویی‌و سیاسی‌و ئابووری‌یەوە سەر بەعێراقە. باسی لەسەرژمێرو مێژوو رووداو و دانیشتوان کرد. یەك لایەنە مێژووی بەبەڵگەوە هێنایەوە تاکو حەقانیەتو مەشروعیەت بدا بەبۆچوونەکانی‌و داگیرکردنی کوەیت.
لە قسەکانیا نارەزایی‌و بێزاری توند بەرامبەر هەڵوێستی سۆڤیات دیاربوو. (دەبوایە سیاسەتەکانی سۆفیات بەرامبەر عێراقی هاوپەیمانی جۆرێکی تر بایە). ئێمەش لێمان پرسی بۆ کاتێك ئێوە کوەیتتان داگیر کرد هیچ پرسێکتان بە مۆسکۆ نەکرد؟ تاریق عزیز خۆی لەوەلامدانەوەی ئەم پرسیارە گێل کرد. ئەم رووداوە رووداوێکی تری هێنایەوە یادم. لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠

کاتێك عێراق جەنگی دژ بەئێران هەڵگیرساند، پاش سێ ڕۆژ هەر ئەم تاریق عزیزە هات بۆ مۆسکۆ. یەکێك بووم لەوانەی پێشوازیان لێ کرد. ئەو کاتە عزیز ووتی: ئەگەر عێراقیش جەنگی دەست پێ کردبێ ئەوا لەبەر پاراستن بووە. چونکە ئێرانیەکان خۆیان بۆ جەنگ ئامادە کردبوو. لەو کاتەشدا لە تاریق عزیزم پرسی: "عێراق کە هاوپەیمانمانە بۆ لەو مەسەلەیە ئاگاداری نەکردووین و ڕاوێژی لەگەڵدا نەکردووین؟".

من و ئیگور پیلوسوف لە یەکەم دیدارماندا زۆر بەتوندی لەسەر گەڕانەوەی هاوڵاتیەکانی سۆفیات قسەمان لەگەڵ تاریق عزیزدا کرد. لەو کاتەدا پێنج هەزار شارەزای سۆفیاتی لە سەرتاسەری عێراقدا کاریان دەکرد. خێزانی هەندێکیان هێشتا لە عێراقدا بوون و ئەوانی تر خێزانەکانیان گێرابوونەوە بۆ وڵات.

بەر لە قەیرانەکەش ۱۵۰ پسپۆڕی سەربازی بۆ چاککردنەوەی ئامێرە سەربازیەکانی عێراق چووبوونە ئەو وڵاتە. پێشتر سۆفیات ئەو ئامێرانەی بەعێراق فرۆشتبوو.

مەسەلەی ئەو شارەزایانە هەرایەکی گەورەیان لە ڕۆژئاوادا نایەوە. هەندێك بە (پلان ڕێژی سەربازی)و هەندێکی تر بە (ڕاوێژکاری سەربازی) لەقەڵەم دەدان.

لە کۆبوونەوەکانی هلسنکیدا ئەم مەسەلەیە خرایە ڕوو. جۆرج بوش و هاوەڵەکانیمان گەیاندە ئەو بڕوایەی کە ئەو پسپۆڕانە بەر لە دانانی ئابلۆقەی سەربازی و ئابووری لەسەر عێراق چوونەتە ئەو وڵاتەوە. لەوەش زیاتر ئەوانە بەعەقد لە عێراقدا کار دەکەن. پێشتر تەقەلایەکی زۆر درابوو بۆ گەڕانەوەی ئەو پسپۆڕانەی کە عەقدەکانیان تەواو بووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو. هەرچەندە عێراق نارەزا نەبوو، بەڵام مەسەلەکەشی چارەسەر نەدەکرد. کار گەیشتبووە هەڵوەشانەوەی فڕینی فڕۆکەکانی کۆمپانیای (ئەیرو فلوت) بۆ بەغدا، چونکە لەولاوە بەبەتاڵی دەگەڕانەوە. عێراق تا ئەو کاتە بەجیا دژایەتی هەموو لایەکی دەکرد. ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی ئەمریکایی و ژاپۆنی بەبارمتە

گرتبوو. لەو جێگایانە دانرابوون کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕدا لێدانیان بەربکەوێ.
سەرۆك گۆرباچوف ڕایسپاردین مەسەلەی ئەو بارمتانەش لەگەڵ عێراقیەکاندا باس بکەین. گۆرباچوف داوای کرد هەموو تواناکانمان بخەینە کار بۆ ئەوەی عێراق دەست لەو کارە نامرۆڤایانەی هەڵگرێ کە لەگەڵ هیچ لۆژیکێکدا نەدەگونجاو دەبێتە بەربەست لەبەردەم چارەسەرکردنی سیاسیانەی قەیرانەکە.

## بەڕاشکاوی وتوویژ لەگەڵ صدام حسیندا دەکەین

لە پێنجی تشرینی یەکەم بۆ ڕاگۆڕینەوەو ڕاوێژ کردن لەگەڵ صدامدا کۆ بووینەوە. لەلای ئێمەوە بالۆێزی سۆفیات لەبەغداو ف. یوسوفالیوكو لەلایەن عێراقیشەوە جگە لە تاریق عزیز، تەها یاسین ڕەمەزان جێگری یەکەمی سەرۆك کۆمار ئامادەی دانیشتنەکانمان بوون. کۆبونەوەکەمان لەو کۆشکەدا کرد کە زۆرجار صدام تێیدا چاوی بە میوانە بیانیەکان دەکەوێ. عێراقیەك وتی: لە دووی ئاب بەملاوە ئێوە یەکەمین کەسن صدام حسین لەم کۆشکەدا چاوی پێتان دەکەوێ. کە نامەکانماندا بەصدامو دەستی بەخوێندنەوەی کرد هیچ ڕەنگدانەوەیەك لە ڕووخساریا دەرنەکەوت. (پێشتر نامەکە لە وەزارەتی دەرەوەی سۆفیات کرابو بەعەرەبی) زۆر برگەی توندو تیژ لە نامەکەدا هاتبوو. دیدارەکە بەئالۆزی دەستی پێ کرد. صدام-یش هەموو قسەکانی پێشووی تاریق عزیزی دایەوە بەگوێماندا.
لەگەڵ ئیگۆردا زۆر بەتوندی باسی مەسەلەی پسپۆرەکانی سۆفیاتمان لەگەڵیاندا هەستمان کرد بۆ ئەم مەسەلەیە ئامادەیان تێدایە. هەر بۆیە صدام وتی: هەر کەسە دەیەوێ بڕوا دەتوانێ هەر ئێستا بڕوا، بەڵام بۆ دوومانگی داهاتوو عێراق ژمارەی ئەوانەی دەیانەوێ سەفەر بکەن لە مانگێکدا دەکات بەهەزار کەس تاکو نەبنە بەربەست لەبەردەم کارەکانماندا.
ئیگۆر بیلوسوف بەچپەوە وتی:
-ڕازی نابێ.

ئەگەر دەمزانی هەزارو پێنج سەد کەس داوای دەرچوونیان پێشکەش بەباڵوێزخانەکەمان کردوە، پێشنیاری ئەوەم دەکرد ئەو هەزارو پێنج سەد کەسە لەماوەی مانگێکدا لەرێگەی دەرچوونیان لە عێراق پێ بدرێ. لە کۆتایی دیدارەکەدا صدام ووتی چۆنت دەوێ باوابێ. پرۆسەکە زۆر بەخاوی دەستی پێ کرد. وادیارە دارو دەستەکەی صدام لەخۆی زیاتر صدامی ترن. لەوانەشە خودی صدام لەو پیلانەدا بەشدار بێت، چونکە ئیگور بیلوسوف کاتێك چاوی بەوەزیری نەوتی عێراق کەوتبوو، خۆی وا پیشان دابوو کە ئاگای لەو رێکەوتنە نی‌یە کە لە نێوانماندا بەستراوە بۆ گواستنەوەی ئەوانەی دەیانەوێ دەرچن.
(زۆربەی ئەوانەی داوای دەرچوونیان پێشکەش کردبوو ئەو پسپۆرانە بوون کە لە کێڵگە نەوتی‌یەکانی باشوری عێراقدا خەریکی راکێشانی هێڵی نەوت بوون).
کاتێك گەراینەوە بۆ باڵوێزخانەکەمان، زەنگێکی ناساز لە ئیگور بیلوسوفەوە لێدرا. ئەو بۆ ئەو مەسەلەیە چوو بۆ لای تاریق عزیز. وادیار بوو صدام بایدابوەوەو کاکۆنەکانی بەبادابوو. بۆیە عزیز بەئیگوری وتبوو: لە دوو مانگدا هەزار کەس دەتوانن سەفەر بکەن. بەناچاری پەیوەندیم بەتاریق عزیزەوە کرد کەزانی من لەسەر قسەکانم سوورم ووتی: رێگەم بدەن باجارێکی تر گوێ لە قسە تۆمارکراوەکانی سەرۆك بگرم. دوای دەپانزدە خولەك وەڵامی دامەوەو ووتی ١٥٠٠ کەسەکە دەتوانن لە مانگێکدا عێراق جێ بهێڵن. بابگەرێینەوە بۆ لای ئەو قسانەی لە لەگەڵ صدام حسیندا کردمان. دوای ئەوەی کە ووتی کوەیت بەشێکە لە عێراق، چەند بابەتێکی تری هێنایەوە بەرباس. بەپێی قسەکانی: عێراق کە لەجەنگ لەگەڵ ئێراندا بەسەرکەوتوویی دەرچوو، چەندین لایەن دەستیان دایە دارشتنی پلان دژی. ئەمریکاو ئیسرائیل بەلایانەوە سەخت بوو عێراق بازووی بەهێزو ئەستوور بێت.
صدام حسین باوەری وابوو عەرەبستانی سعودی‌یەو هەندێ وڵاتی تری کەنداو لەو پیلانانەدا بەشدار بوون. ئەوەش لەرێگەی فشاری ئابووری‌یەوە. سعودیەو کوەیتو ئیمارات بەئەنقەست زیاد لەو برە نەوتەی کە رێکخراوی ئۆپیك بۆی دانابوون نەوتیان دەفرۆشت، تا وای لێهات نرخی بەرمیلێك نەوت

ئەوەشمان بۆ صدام باس کرد کە عێراق لە گۆرەپانی نێو دەوڵەتی‌دا بەتەنیا دەمێنێتەوە. هەروەها ووتمان: ئەمانە لەبەر داگیر کردنی کوەیت دێتە رێتان. لەو رۆژانەدا خولی دانیشتنەکانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێ کردبوو. عێراق لەو کۆبوونەوانەدا تەریك کەوتبوو. ئەمەش راستی قسەکانی ئێمەی چەسپاند. لێرەوە داوام لە صدام حسین کرد تاکو قسەکانمان بەجووتە تەواو کەین. صدام داوای کرد تاریق عزیز، بمێنێتەوە، لەلایەن ئێمەش (سیرگی کیربیینکو) کە شارەزای زمانی عەرەبی‌یە مایەوەو قسەکانیشی وەردەگێڕاین.

- گەر لە کوەیت پاشەکشە نەکەن دڵنیا بن گورزتان بەر دەکەوێ.

لەوانە ئەوە بزانن من نامەوێ بتانتۆقێنم، بەڵام دەبێ بزانن جگە لە کشانەوە هیچ رێگەیەکی ترتان لەبەردەمدا نی‌یە. (ئەمە یەکەم قسەم بوو).

هەستم کرد قسەکانم لە دوو لاوە کاری لە صدام حسین کردووە. ئەو ووتی گەر جەنگ دەست پێ بکات، هەموو هۆکارەکانی بەردەستی بەکار دەێنی‌و ئاگری شەرەکەش دەگوێزێتەوە بۆ ولاتانی تر بەتایبەت ئیسرائیل. هەروەها ووتی: ئەگەر ناچار بکرێم لە نێوان شەرو چۆك دادان یەکێکیان هەڵبژێرم ئەوکات شەر هەڵدەبژێرم. هەروەها ووتی: هەوڵ دەدەم قسەکان وەك خۆی بگێڕمەوە.

- دەتوانم وەك کەسێکی واقعی رازی بم بەکشانەوەی هێزەکانمان لە کوەیت، بەڵام ئەو کارە ناکەم تاکو کێشەکانی تری ناوچەکە چارەسەر نەکرێن. لە ١٢-ی ئابدا ئەو بۆچوونەم روون کردۆتەوە.

صدام ناراستەوخۆ باسی لە کشانەوە دەکرد، بەڵام وەك ئەوە وابوو کە باس لە شتی تر دەکات. ووتی: لەبیرتانە کەمن لە ١٥-ی ئابدا دەستم لە هەموو دەسکەوتەکانی جەنگی هەشت ساڵەمان لەگەڵ ئێراندا هەڵگرتو دۆخەکەم وەك پێش جەنگ لێ کردەوە. ئەگەر ئەم جارەش بەبێ مەرج لە کوەیت بکشێمەوە گەلی عێراق لێم خۆش نابێ. ئەو کاتە خەڵك لێم دەپرسێ: ئەی گەیشتن بەدەریا چی لێ هات؟.

- کە ئێوە دەستان لە دەسکەوتەکانی جەنگی عێراق - ئێران هەڵگرت گەلی عێراق نقەی لێوە نەهات، دڵنیا بەبەکشانەوەتان لە کوەیت رازی دەبێ.

لە ٢١ دۆلار دابەزی بۆ ١١ دۆلار. بەم جۆرە ئابووری عێراق هەرەسی هێنا. لێرەدا نامەوێ باس لەو تۆمەتانە بکەم کە صدام هەڵی دەبەستن. هەندێکیان لە ڕاستی نزیك بوون ئەوانی تریش هەڵبەستراوی عەقڵە نەخۆش و بەدگومانەکەی خۆی بوون. لێم پرسی: هەست ناکەی ئێوەش وەك جولەکەکان تووشی گرێی ((سادا)) بوونە؟ (مەبەستم لەو جولەکانە بوو کە لە دوایین قەڵاکانیاندا کە ناوی ((سادا)) بوو گەمارۆ درابوون. پاسەوانەکان کە بینیان دەرباز بوونیان نییە خۆیان بەدەستەوە نەداو مەرگیان هەڵبژارد). صدام وەك ڕازی بوونێك سەری لەقاند.

- کەواتە هەر لە سەرەتاوە هەڵسەو کەوتەکانتان بڕیاری مردنی لەسەر دراوە. هەستم دەکرد صدام لە ناخەوە ئەم قسەیەمی قەبوڵە، چونکە وەڵامی نەبوو. باسی ئەو کارەساتانەم کرد کەعێراق بەهۆی نەکشانەوە لە کوەیت تووشی دەبێت هەروەها کاردانەوەی جیهان لەبەرامبەر قەیرانی کوەیتم بۆ باس کرد. دەمزانی صدام حسین هیچ شارەزایەکی لەسەر ئەو دوو مەسەلەیە نییە. وادیار بوو تەنیا ئەم شتانەیان بۆی باس کردبوو کە سەلبیانە کاری دەکردە سەر سۆزی بۆ نموونە باسی پشتیوانی ڕای گشتی عەرەبی لە عێراق و خۆپیشاندانە جیهانییەکان دژ بەشەڕو دروست بوونی دووبەرەکی لە ناو هاوپەیمانەکانیان بۆ ئەو کردبوو. دەنگو باسە ناخۆشییەکانیان لێ دەشاردەوە. ئەمەش دوور نەبوو ژیانی بخاتە لێواری مەرگەوە. ئێمە لەو شەڕەی کە چاوەڕوانی صدام-ی دەکرد ئاگادارمان کردەوە. لە جەنگی عێراق- ئێراندا هێزە ئاسمانییەکانی عێراق شان بەشانی هێزە زەمینییەکانیان بەسەر ئێرانیەکاندا سەرکەوتبوو بوون، بەڵام لەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا کە هێزەکانی ئەمریکا سەنتەری هێزە هاوپەیمانەکانە دۆخەکە پێچەوانە دەبێ. باڵا دەستی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانەکانو پێشکەوتوویی تەکنیکی سەربازیان بەسەر عێراقدا ڕوونو ئاشکرا بوو.

ڕوونکردنەوەکانی ئیگور بیلوسوف لەسەر سروشتی شەڕەکە زۆر گرنگ بوو چونکە ئەو شارەزایەکی ناوداری باری تەکنیکی سەربازی بوو.

هەروەها بەڕاشکاوی پێم ووت: دانانی ئەو خەڵکە وەك بارمتە لە داموو دەزگاکانتانو ئەوەی پێی دەڵێن (قەڵغانی مرۆڤی)، ناتوانێ ببێتە ڕێگر لەبەردەم گورزی ئەمریکا لە عێراق. ئەم کردەوەتان ڕقی دنیای لەسەرتان کۆکردوەتەوە.

صدام نوقمی بیرکردنەوە ببوو و دەنگی لێوە نەدەهات. لەتشرینی یەکەم سیاسەتی (لێبوردن) دەرحەق بەهەندێ لە بارمتەکان پەیڕەو کرا. لە ٢١-ی تشرینی یەکەمداو لە کاتی دیدارمان لەگەڵیدا ئەم مەسەلەیە ڕەنگی دابووەوە. لە تشرینی دووەمو سەرەتایی کانونی یەکەم ڕێگە بەبیانییەکان درا تاکو عێراقو کوەیت بەجێ بهێڵن. لە بیرۆی باڵوێزی سۆفیەت لە بەغدا تاشەو لەسەر ئەو بروسکەیە قسەمان کرد کە دەبوایە لەسەر وتووێژەکان بۆ مۆسکۆی بکەین سەرەتا ئێمە خۆشحاڵ بووین، چونکە کێشەی دەرچوونی پسپۆرەکانمان چارەسەر کرد. ئەو کاتە لەسەر جەدوەڵی مانگی داهاتوو ڕێك کەوتبووین.... پاشتر دەردەوت عێراقییەکان بەشێوەیەکی تەواو پەیڕەوی ڕێکەوتنەکەیان کردبوو.

هەمووومان باوەڕمان وابوو کە تروسکایەك هیوا بۆ چارەسەرکردنی سیاسیانەی کێشەکە لە ئارادایە. بەیانی بە ئوتومبێلەکەی تاریق عزیز بەرەو فڕۆکەخانەی بەغدا کەوتینە ڕێ. عزیز ووتی: صدام حسین دەڵێ باپێشنیاری دیاریکراو بخرێتە ڕوو. ئێمەش چاوەڕێی پێشنیاری ترین. تاریق عزیز ئەم قسانەی بۆ جاری دووەم لای باڵوێزەکەمان لە فڕۆکەخانەکەدا کردەوە. لێم پرسی: بۆ؟

- لەبەر هەندێ ئەگەر من بەفڕۆکە دەچم. واباشە بە بروسکەی شفرە ئەو قسانە بۆ مۆسکۆ بنێری. مسۆگەرترە. عزیز قسەکانی بەدڵ بوو، بۆیە جێبەجێی کرد.

# بەشی دووەم

# پێش قۆناغی دووەم

ڕۆژی شەمە شەشی تشرینی یەکەم گەڕامەوە بۆ مۆسکۆ، ڕۆژی یەك شەم بە دووروودرێژی باسی دیدارەکانم لە بەغدا بۆ گۆرباچوف کرد. پێشتر هەموو زانیاری‌یەکانمان لەبەغداوە گەیاندبوو بەسەرۆك. ئەو ووتی: بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنەکانتم لەسەر دۆخەکە بەدڵ بوو، بۆ درێژە پێدانی هەوڵەکانمان داوای پێشنیاری تری کرد. گۆرباچوف بەپێویستی دەزانی لەبارەی ئەو پێشنیارانە لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش، سەرۆکی فەرەنسا (میتەران)، سەرۆکی میسر حسنی موبارەك، سەرۆکی سوریا حافظ الاسد، شای عەرەبستانی سعودی‌یە فەهد ڕاوێژ بکەین. دواتر سەردانی صدام حسین بکەین. کاتێك ئەم مەسەلەیە لە بازنەیەکی بەرفراوانتری لێپرسراواندا باس کرایەوە ڕیچکۆفو کرۆچکۆف پشتگیریان لێ کرد. دارشتنی پێشنیارەکان خرایە ئەستۆی منو شیفاردنادزە. ناوەڕۆکی پێشنیارەکان یان ڕاستتر بڵێین فەلسەفەی یەك لاکردنەوە چی بوو؟

دوای ئەوەی سەرۆك گۆرباچوف ڕەزامەندی لەسەر داو پاش چەند ڕۆژێك سەرۆکی ئەو دەوڵەتانەم لێ ئاگادار کردەوە. (مەبەست کشانەوەی هێزەکانی عێراقە لە کوەیت). هەرچەندە کارێکی دژوارە- بەڵام لەهەمان کاتدا لەو ڕێگە چارەی سەربازی‌یە دوورمان دەخاتەوە کە ئایندەیەکی ترسناکی بەدواوەیە. لێرەدا دیارە ((خەڵات)) کردنی دەست درێژی‌کەر بەهیچ شێوەیەك قەبوڵ ناکرێ. بەڵام ئەو ((خەڵات نەکردنەش)) بە دوو شێواز

دەبێ: یەکەم تێك شکاندنی دەست درێژی‌کەر لەڕێگەی سەربازی‌یەوە، ئەمەش یانی لێدانی گەل. ڕێگەی دووەمیش ناچارکردنی‌یەتی بەشێوازی سیاسیانەو بێ پەنا بردنە بەر هێزی سەربازی، تاکو لە کوەیت پاشەکشە بکات. یەکێتی سۆفیات لەو پەڕی بڕواوە ڕێگەچارەی سیاسی هەڵبژارد.

بۆیە داوای لە عێراق کرد هێزەکانی بەشێوازێکی سیاسیانە بکشێنێتەوەو - صدام حیسن -یش دڵنیا بکرێتەوە کە هەندێ هەنگاو بەرەو چارەکردنو ئارام کردنەوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنرێت.

دەبێ بووترێت ئەمە ((بەستنەوەی)) کێشەی کوەیت نی‌یە بەکێشەکانی ترەوە. مەسەلەکە پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی جیدی لەبارەی دامەزراندنی

سیستەمێکی ستراتیژی بۆ ئاسایشی ناوچەکە دەکرد. ئەمەش لەبەر مەترسی ولاتە دراوسێکانی عێراق لەلایەك (ترسێکی ڕەوایە، چونکە ڕەوشتی دوژمنکارانەی عێراق لەم سالانەی دوایدا پشتی بەهێزی سەربازی خێرا دەبەست). هەروەها مەترسی خودی صدام حسین لەلایەکی ترەوە چونکە لای وابوو تەنانەت ئەگەر لە کوەیتیش بکشێتەوە هەر لێ دەدەن.

لێرەدا ئاشکرایە کە یەك لاکردنەوەی کێشەی عەرەب - ئیسرائیل دەبێ یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئەو سیستەمی ئاسایشە بێ. صدام حسین هەولی دا ئەمە بکاتە کارتێکی بردنەوە بۆ خۆی و مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ببەستێتەوە بەچارەسەرکردنی کێشەکانی ترەوە.

ئەم بەستنەوەیەش بەهیچ جۆرێك قبولّ نەدەکرا.

بەلام لەهەمان کاتدا بەبێ چارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، مانەوەی سنووری ولاتان بەم شێوەیە زۆر سەختەو وە پاراستنی ئاسایش دژوار دەبێ.

ڕەهەندی یەکلاکردنەوەی کێشەی عەرەب - ئیسرائیل لە چوراچێوەی ئەو سیستەمی ئاسایشەی کە نیاز وایە دامەزرێت ئیجاباتی خۆی هەیە، چونکە هەموو لایەنەکان (بەڕای گشتی ئیسرائیلیشەوە) زۆر گرنگیان بەو یەك لاکردنەوەیە دەدا.

بەر لەوەی مۆسکۆ بەرەو پاریس بەجێ بهێلم، لە بالوێزخانەمان لە ڕۆماوە ئەدامیشنەوە بروسکەیەکم بۆ هاتو تێیدا هاتبووە کە سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا - ئەندرۆیتی - سەرۆکی ئەو کاتەی کۆمەلەی ولاتانی ئەوروپا دەیەوێ لە ڕۆما چاوی پێم بکەوێ. چەند بالوێزێکی باوەڕپێکراوی تر لە مۆسکۆ داوای دیداریان کرد. تەقەلاکانی مۆسکۆ کاردانەوەیەکی گەورەی لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوادا هەبوو. بەشێوەیەکی گشتی ئەم تەقەلایانەمان پشتگیری لێوە دەکرا.

هەرچەند هەندێ جار بەتوڕەیی‌یەوە مامەلەی لەگەلدا دەکرا، چونکە لەوە دەترسان صدام حسین ئەمە بە ((ئیشارەتێك)) بزانێ‌و وای لێکداتەوە کە هاوپەیمانەکان ((ڕەقیەکەی)) جارانیان نەماوەو لە ناو خۆیاندا ((ناتەبان))، هەندێکی تر وای بۆ دەچوون کە سۆفیات لە پشتەوەی ئەمریکاوە خەریکە ((یاری‌یەك)) ڕێك دەخات. ئەم بۆچوونانەش بەهیچ جۆرێك ڕاست نەبوون.

کاردانەوەی ڕۆژنامەکانمان لەسەر ئەو تەقالانە لەیەك نزیك بوون ئەم نزیکایەتیەش ڕەنگ دانەوەی هەلوێستی یەکێتی سۆفیات بوو لەسەر دۆخی

ئەو ناوچە قەیراناوی‌یە. بەبۆچوونی من هەندێ لە هەڵوێستەکانی لەبەر بۆچوونە زاتی‌یەکان بوون.

لێکدانەوەی واش هەبوو، وەك ئەوەی ئاژانسی (نۆفیستی) کە لێرەدا دەمەوێ لەسەری ڕاوەستم، لێکدانەوەیەکە، کەمترین شت لە بارەیەوە پێویستە بوترێ ڕاکردنە بەدوای سەرنج ڕاکێشانا. (نوفیستی) بەناوی دوو یاوەری نێردراوی سەرۆکی سۆفیاتەوە هەواڵێکی بەهەموو دنیادا پەخش کردبووەوە، گوایە پێشنیاریان خستۆتە بەر (صدام حسین) تاکو ئەگەر لە کوەیت کشایەوە ئەوا دوو دوورگەو کێڵگەی نەوتی ((الرمیلە)) بۆ خۆی ببات‌و هێزەکانی تێدا بهێڵێتەوە.

پێویست بەوە ناکات باس لە کاردانەوەی کوەیت بەرامبەر ئەم هەواڵە بکەین، هەڵوێستی بەغداش لەوپەڕی خراپی‌دا بوو، ئەمەش وای کرد وتووێژەکانمان لەگەڵ صدام حسین‌دا سەرکەوتوو نەبێت. بۆیە ناچار بووم باڵوێزی عێراق بانگ بکەم‌و داوای لێ بکەم بەغدا تێ‌بگەیەنێ کە نەمن‌و نە ئەوانەی ((چواردەورم)) ئاگامان لەو هەواڵە درۆیە نی‌یەو دژیشی دەوەستین. ئەم ڕاگەیاندنەم سەدایەکی باشی هەبوو، سنووریشی بۆ ئەو هەموو درۆو دەلەسانە دانا کە لەبەغداوە لەسەر هەواڵەکە دەوترانەوە هەندێ وتاری تر هەبوون دەیخستینە بارێکی دژوارەوە، بەتایبەت ئەو وتارانەی کە لە بارەی ((سەرنەگرتنی)) تەقەلای وەفدەکان لەبەغدا دەنوسران. تەنانەت درۆیان لەمەڕ گەڕانەوەی پسپۆڕەکانمان بڵاو دەکردەوە.

ڕۆژنامەی ((ئیزفستا)) بابەتێکی لەسەر ئەم مەسەلەیە بڵاو کردەوە، سەرنووسەرەکەی پێی وتم ((ئەو بابەتەی لەدەست)) دەرچووە. هەرچی بێ ڕۆژنامەی (ئیزفستا) ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی‌یەو بێ ئەوەی لەگەڵ خودی نێردراوی سەرۆکدا قسەبکات‌و بۆچوونەکانی لەسەر سەردانەکە بزانێ، لەبارەی ئەنجامەکانی ئەو سەردانە وتاری بڵاو کردەوە. بگرە (ئیزفستا) هەمان ئەو هەواڵانەی بڵاو دەکردەوە کە ڕۆژنامە ڕۆژئاوایی‌یەکان دا بڵاویان دەکردەوە. ئەویش لەبەریەك مەبەست بوو (ئەگەر بمانەوێ شتەکان ناوی خۆیان لێ بنێین) تاکو بیسەلمێنین کە پێویست بەچارەسەرکردنی ئاشتیانەی قەیرانەکە ناکات.

ئەم لێکدانەوەی باسم کرد خودی منی دەگرتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی تری باس کردنی کێشەی کەنداوی عەرەبی بوو.

پاش ئەوەی ئاگری جەنگی کەنداو هەڵگیرسا لەسەر لاپەڕەکانی (ئیزفستا) وتارێك بڵاوکرایەوەو تێیدا دەڵێ: لەبەر ئەوەی یەکێتی سۆفیات لە (هاوپەیمانیەتی سەرکەوتوو)ی دژ بەعێراق بەشداری ناکات، کەواتە خۆی لەو حەقە بێبەش دەکا کەبیێتە لایەنێك لە یەکلاکردنەوەی سیاسیانەی کێشەکە. پێویستە بڵێم کە سەرۆکی یەکێتی سۆفیات بەهیچ جۆری مەسەلەی ناردنی هێزەکانمانی لە بەرنامەی کارەکانماندا دانەناوە چ جای ناردنی.

پاش چەند ڕۆژێكو لەبابەتێکی تردا ئیزفستا نوسیبووی: ئەگەر سەرۆك بۆش چەکی نیوترۆنی بەکار نەهێنێ بۆ سەرکەوتن بەسەر عێراقدا، ناتوانێ نیو ساڵی تر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

سەیر لەوەدایە هەندێ ڕۆژنامەی لای ئێمە بەئاسانیو بێ گوێدان شتی وا دەنووسن کە پەیوەندی بەژیانی هەزاران کسەوە هەیە. ئەمە بێجگە لە یاری کردن بەبەرژەوەندییە سیاسییەکانی دەرەوەمان.

لە دەست نیشان کردنی ناوەڕۆکی هەندێ لەو وتارانە، مەبەستم هەموو دەستەی نوسەرانیان نییە. چونکە زۆر ڕێز لە دەستەی نوسەرانی (ئیزفستا) دەگرم. بەم بۆنەشەوە دەبێ بڵێم ئەو کاتەو تا ئێستاکەش زۆر وتاری باش لەسەر ئەو مەسەلەیە بەپێنووسی ئەم بەڕێزانە نووسراوە، ستانیسلاف کوندرا شوف، قسطنتین گیفاندوف و میتالی کوپیشو خەڵکی تر. ئەو وتارانەش بەلێکۆڵینەوەی قوڵو هەڵسەنگاندنی بەرپرسیارانە جیا دەکرێنەوە.

## لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا

لە شازدەی تشرینی یەکەم مۆسکۆمان بەمەبەستی (ڕۆما) بەجێ هێشتو یەکسەر لە فڕۆکەخانەوە بۆ دیداری بەڕێز ئەندریۆتی بەڕێ کەوتین کە گرنگیەکی زۆری بەدرێژەپێدانی وتووێژەکانمان لەگەڵ صدام حسیندا دەدا، هەروەها پشتگیری ئەو پرۆژەی یەکلاکردنەوەمانی کرد کە خستمانە بەردەستی.

هەستمان دەکرد ئیتالیا زۆر دوودڵە لە ڕێگەچارەی سەربازی، بەتایبەت لەوانە ئەو کارە بێتە هۆی ئاڵۆز بوونی ناوچەی باکوری ئەفریقاو دەریای ناوەڕاست بەگشتی. ئەمەش ئەو جێگایەیە کە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ئیتالیای تێدایە.

ئەوەی گرنگ بوو ئەوەبوو کە سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا وای دەبینی کە هەندێ هۆی بابەتی هەن وا لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەکەن بەرلە تەواو بوونی تەقەلا سیاسیەکان هەستن بەکردەوەی سەربازی.

لەو هۆیانەی کە ئەندریۆتی باسی لێوە کرد (باری ئاو و هەوا بوو) لە مانگی ئازاردا ڕەشەبایەکی لماوی لە دوورگەی عەرەبی هەڵدەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی پەك خستنی کردەوە سەربازی‌یەکان (هەروەها نزیك بوونەوەی وادەی حەج، لەو مناسەبەیەدا نزیکەی یەك ملیۆن و نیو حاجی لە وڵاتە جیاجیاکانی دونیاوە دێن بۆ مەکەو مەدینە. ئەو ساڵیش دەکەوێتە مانگی حوزەیرانەوە) ئەندریۆتی وتی: لەوانەیە لە نزیك ترین کاتدا جەنگ ببێتە ئەمری واقیع. هەروەها ووتی:

- ئەگەر ئەمریکای‌یەکان ڕازی بن لەسەر پێشنیارەکانتان بۆ یەکلایی‌کردنەوەی سیاسیانەی کێشەکان، بێ گومان بن ئێمەش ڕازی دەبین.

دیار بوو کەئەندریۆتی چالاکیەکانی یەکێتی سۆفیات بەیەکێك لە بەدیلە ڕاستەقینە دەگمەنەکان دەزانی بۆ نەخلیسکانە ناو ئەو چاڵەی کە بەلای ئەوەوە یەکجار قوڵە.

باڵوێزەکەمان لە (ڕۆما) کە هاوڕێیەتیەکی کۆن بەیەکمانەوە دەبەستێ، ووتی: وەزیری دەرەوە (دی میکیلیس) دەیەوێ لە درەنگە شەودا بێت بۆ باڵوێزخانە تاکو لەگەڵ (بازنەیەکی بچووك)دا لەبارەی بارودۆخی کەنداو ڕاوێژمان لەگەڵدا بکات. (دی میکیلیس) زیاتر تەرکیزی دەکردە سەر قۆناغی پاش قەیرانەکەو جەختی لەسەر دامەزراندنی سیستەمێکی ستراتیژی بۆ ئاسایشی ناوچەکە (لەسەر شێوازی پەیماننامەی هلسنکی) دەکرد.

ئیتالیا لە زووەوە ئەم فکرەیە باس دەکات ولای ئێمەش شایانی گرنگی پێدانە.

بەهەر حاڵ نابێ تەنیا مەبەست پراکتیزە کردنی (چوارچێوەی هلسنکی) لەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بێ، ئەمەش هەمان ئەو شتە بوو کە (دی میکیلیس) لە سەری ڕازی بوو. جیاوازی‌یە بنچینەیی‌یەکانیش لەوەدایە کە پەیمانی(هلسنکی) سنووری وڵاتە ئەوروپایی‌یەکانی لەپاش جەنگی کەنداو وەکو خۆی هێلایەوەو سەروەریشی مسۆگەر کردن. کەچی تا سنوورەکانی دیاری نەکرێن، نابێ مەسەلەی سەروەری لی‌گرتنیان بخرێتە کارنامەی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە (لێرەشدا کێشەی عەرەب - ئیسرائیل دەبێتە لەمپەری سەرەکی بەردەمی. جگە لەوە مەسەلەی سنور هێشتا لەنێوان وڵاتانی دورگەی عەرەبیو باکوری ئەفریقا جێگەی مشتومڕە لەوانەشە ئاڵۆزییەکی لەم جۆرەش ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بگرێتەوە هەرچەندە تارادەیەك نهێنی دەبێ).

هەموو ئەمانە نابنە ڕێگر تاکو سوود لە پەیماننامەی (هلسنکی) و تەنانەت هەندێ لە ڕەگەزەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرنەگرین. لەگەڵ دی میکیلیسدا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە بەردەوام بین لە ڕاگۆڕینەوە لە سەر ئەم مەسەلەیە.

لە حەڤدەی تشرینی یەکەم لە ڕۆماوە بەرەو پاریس کەوتینە ڕێ. لە نیوەی یەکەمی هەمان ڕۆژ سەرۆك (میتەران) پێشوازی لێ کردین.

ئەویش ئامادەیی خۆی پیشان دا سوود لە هەموو تواناکانی بەردەست وەربگیرێت ((پێش ئەوەی ناچار بکرێن هەستین بەکاری تایبەت)).

بەڵام سەرۆکی فەرەنساش وەك (ئەندریۆتی) لەو بڕوایەدا بوو کە هەڵگیرسانی جەنگ زۆری نەماوە. سەرۆکی فەرەنسا (میتران) پشتگیری خۆی بۆ ئەو تەقەلایانەی یەکێتی سۆفیات دەربڕی تاکو لە مەترسی هەڵگیرسانی جەنگ دورکەوینەوە، کە جگە لە مەترسیو ماڵ وێرانی هیچی بەدواوە نییە. هەروەها باسی ئیشو کارەکانی فەرەنسای لەم ئاراستەیەدا کرد. هەروەها (میتەران) جەختی لەسەر تەقەلاو تەنسیق کردن لەنێوان هەردوو وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشدا کرد.

لەوانەیە سەرۆك (میتران) لە هەر سەرۆکێکی تری ڕۆژئاوایی زیاتر هەستی بە گرنگی چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین کردبێ، ئەویش لەبەر چارەسەرکردنی قەیرانی کوەیت. لەگەڵ (میتران)دا یەك هەڵوێست بووینو وامان دەبینی کە ئەوە دەتوانێ دڵی یەکلاکردنەوەی کێشەکان بێت. بەڵام ئەو گومانی لەوە هەبوو کە گۆڕانێکی لەو بابەتە بەدڵی واشنتن بێت.

هەروەها میتران ووتی چاوەڕوانی ئەوەیە لەگەڵ سەرۆك گۆرباچوفدا یەکتری ببیننو بەشێکی زۆری ئەو دیدارەش بۆ لێدوان لەسەر هەڵوێستی هەردوو وڵات لەمەڕ قەیرانی کوەیت دەبێ ((کە ئێستا بووەتە ترسناکترین پێوانە بۆ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی لەم دەیەی دوایدا)).

# چەند دیدارێك لە ولاتە یەکگرتووەکان

هەرکە لە هەژدەی تشرینی یەکەم گەیشتینە واشنتن دەستمان کرد بەدیدارو لەگەڵ لێپرسراواندا. لێرەدا دەڵێم ئەوان گرنگی دانی خۆیان بۆ ئەو دیدارانە نەدەشاردەوە.

تەنانەت هەندێکیان ئیشارەتیان بەوەدا کە ئەم ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونانە بەوشێوە روونە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیاتدا، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار دەکات وەك لایەنێکی بەرپرسیار بیر لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی گرنگی وەك ئەم کێشەیە بکاتەوە کە نەدەکرا لە (سەردەمە کۆنە ناسروشتی یەکاندا) بیری لێ بکرێتەوە.

گومانی تێدانی یە ئەوان کە دیتیان ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو زانیاری و بۆچوونەکانمان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە بۆ ئەوان روون بکەینەوەو ئەمەیان بەبەلگەیەك بۆ ئاستی بەرزی ئەو متمانەیەی کە لە پەیوندی یەکانی هەردوولادا دروست بووەو هەروەها بۆ گەشەسەندنی گیانی تەبایی و تازەی ناو گۆڕەپانی جیهانی، لەقەڵەم دا.

یەکەم دیدارمان لەگەڵ وەزیری دەرەوە (جیمس بیکر)بوو. لە دیدارەکەدا بەرێز (رووس) کە لە ڕاستی دا پسپۆڕی یەکەمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو شارەزای کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاستە ئامادەبوو. لەو دیدارەو دیدارەکانی ترماندا لە واشنتن (سمیر تینخ) باڵوێزی ئەو کاتەی سۆڤیات لە ئەمریکاو وەزیری دەرەوەی ئێستا ئامادە بوو.

وادیار بوو کە (بیکر) زۆر گرنگی بەو دیدارەمان نەئەدا، چونکە چاوەڕێی دیداری گرنگتری لەگەڵ سەرۆك بۆشدا دەکرد. بەلام ئەرکی (رووس) (لام وایە) کۆکردنەوەی درێژەی هەلوێستمان بۆ دیدارەکانی تر. هەر لەبەر ئەمە بوو هات بۆ باڵوێزخانەمانو چەندین کاتژمێر وتووێژی لەگەڵمان کرد. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە ڕووس زۆر بەووردی بەدوای هەلوێستی ئێمەدا دەگەڕا، لێکدانەوەکانمانی بەبێزاری یەوە وەردەگرت (ئەگەر نەڵێم بەسەلبی) چونکە ئەمانەی لە ڕوخسارو قسەکانیا بەدەردەکەوتن. تورەیی خۆی نەدەشاردەوە لەسەر ئەو پێشنیارەی من لەمەڕ ئاگادارکردنەوەی عێراق لەسەر ئەو فکریەی کە محوەری عەرەب - ئیسرائیل بخرێتەوە گەڕ تاکو پاش کشانەوەی

عێراق لە کوەیت کێشەی فەلەستین چارەسەر بکرێت (رووس) بەلەهجەیەکی توند ووتی: ئیسرائیل لەسەر ئەوە رازی نابێ.
دیداری دوایمان لەگەڵ جنرال (سکرکوفت) یارمەتی‌دەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بوو. ئەو دیدارە هیچ بابەتێکی تازەی تێدا باس نەکرا. لەو دانیشتنەماندا (گیتس) جێگری (سکرکوفت) وە (رایس) یارمەتی دەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کاروباری قەیرانی کەنداوی عەرەبی (لەو دەمەدا رایس زیرەکترین کچە خوێندکاری خوێندنی بەرزی زانکۆی برینستون بوو. سەرنجی پسپۆرانی راکێشا، بۆیە بانگیان کرد بۆ کارکردن لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی‌و کردیان بەچاودێری پەیوەندی‌یەکانی سۆفیات - ئەمریکا) لەوانەیە (رایس) هەستی کردبێ کە پێشنیارەکانی سۆفیات لە ناوەرۆکدا (شتێکی بەکەڵك)ی تێدابێ. بەهەرحاڵ ئەمەم پاش دیدارەکانی ترمان بەخەیاڵ داهات. بەڵام ئەویش وەك گیتس لە کاتی دانیشتنەکانمان لەگەڵ (سکوکروفت) بێ دەنگ بوو. کەچی جنرال (سکوکروفت) زیاتر گرنگی بەبۆچوونەکانمان لەسەر بارودۆخی عێراق دەدا نەك پێشنیارەکانمان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە.
بابەتی دیدارەکەمان بەهاتنی لەناکاوی سەرۆك بۆش کۆتایی پێ هات ئەو لە ماڵەکەی خۆیەوە بەپێ‌و لەژێر شەستە باراندا خۆی کرد بەو ژوورەی ئێمەی لێ بوو. لەکاتی تەوقە کردنی لەگەڵماندا دڵۆپی بارانی لێ دەچۆڕا.
ووتی: لەوە زیاتر هیچم پێ ناکرێ، ئەوەش بزانن ئێوە لە ئۆفیسی سکوکروفتن.
بەراشکاوی دەڵێم ئەو هەستە پاکە مرۆڤانەی (بۆش)م بەدڵە. گوێمان لێ بوو ووتی (سبەی بەیانی بەتاسەوە چاوەڕوانتان دەبم) لە ١٩-ی تشرینی یەکەم سەرۆك بۆش لە کۆشکی سپی پێشوازی لێ کردین. بیکرو سکوکروفتو سکۆنۆ بەرێوەبەری فەرمانبەرانی کوشکی سپی‌و چەندین فەرمانبەری نزیك لە سەرۆك ئامادە بوون. سەرۆك بۆش پشتگیری خۆی بۆ نێردراوی تایبەتی گۆرباچوف بۆ واشنتن دەربڕی کە بۆ ئەوە هاتبوو تاکو ئەمریکا لە تەقالاکانی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگادار کات.
سەرۆك بۆش چەندین جار ئەم مەسەلەیەی دووبارە کردەوە.
کاتێك پرسیاری تێبینی‌یەکانمی لەسەر صدام حسین کرد، ئەوەشی پرسی ئایا دەتوانرێ ئەو قسەیەی صدام کە وتبووی (من واقعیم) بەوە بزانرێ کە

صدام نیازی کشانەوەی لە کوەیت هەیە؟ جگە لەوانە بۆش پرسیاری هەڵسوکەوتو باری دەروونی صدام حسینو مێژووی پەیوەندیەکانم لەگەڵیا چەندین پرسیاری تری کردو لە دەفتەری تێبینیەکانیا تۆماری کرد. بەکورتی وام بەخەیاڵدا هات کە سەرۆك بۆش هێشتا بڕیاری کۆتایی لێدانی عێراقی نەداوە. لاریشی لەوە نەبوو کە جارێکی تر چاوم بەصدام حسین بکەوێتەوە. بگرە پشتگیری خۆی دەربڕیو ووتی ئامانجی دیداری دووەم دیاریکراو دەبێو صدام لەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە هەڵوێستی ولاتە یەکگرتووەکان وەك خۆیەتیو نەنگۆڕاوە. ئەوەش دەبێ بوترێ کە جۆرج بۆش ڕاستەوخۆ ووتی: ئەگەر ئیشارەتێکی پۆزیتیفانە لە صدام حسینەوە هات دەبێ بیگرینەوە.

لە کۆتایی دیدارەکەدا ووتی: زۆر مەسەلەی سەرنج ڕاکێشت باس کرد. پێشنیارەکانت زۆر بابەتی نوێی تێدا بوو، بەڵام دەبێ لەگەڵ یاریدەدەرەکانمدا ڕاوێژ بکەم. دەکرێ ماوەیەکی تر لەواشنتن بمێنیتەوە؟ ووتم ئەگەر پێویست بکات دەمێنینەوە.

جۆرج بۆش ووتی: پاش دوو سێ سەعاتی تر وەڵامەکەت لێ دەگێڕمەوە.

بەر لەو ماوەیەی دیاری کرابوو وەڵامەکە هاتەوە. وای بۆ دەچم هەرکە ئێمە دەرچووین زۆر لە ئامادەبووانی ئەو دیدارە گرێی زمانیان کرایەوە. بەهەر حاڵ مەسەلەکە دووسێ سەعاتی نەخایاند، هەر پاش ٤٥ دەقیقە لە کاتی خوانێك کە لەلایەن سونونووە بۆمان سازدرا بوو، (گیتس) پێی ڕاگەیاندم: سەرۆك داوای لێ کردم پێتان بڵێم هەر کاتێك بتانەوێ دەتوانن کاتی سەفەرەکانتان دیاری بکەن.

بۆم دەرکەوت دیداری ئایندەمان سەر ناگرێ. بالوێزی عەرەبستان شازادە (بەندر) بەتەلەفۆن پەیوەندی بەبالوێزمانەوە کردو داوای کردبوو ببیبینن. بەرلەوە نوێنەری هەمیشەییمان لە U.N لە نیۆرکەوە گەیشتە واشنتن. ئەو هاوڕێی ڕۆژانی خوێندنمە لە ئامادەیی سەربازی دەریایی. بۆیە لە ڕووە مرۆڤایەتیەکەیەوە بەگەیشتنی خۆشحاڵ بووم. لە کاتی دیدارمان لەگەڵ بالوێزی عەربستاندا، بسمیرنیخو فوورونتسوف ئامادە بوون. دیدارێکی خۆش بوو. توانیمان تێدا تیشك بخەینە سەر ئەو سەرچاوە گرنگەی کە کۆشکی سپی لەسەر قەیرانی کەنداو شارەزایی لێوە دەست دەکەوێ. بالوێزی عەرەبستان لای وانەبوو کە ڕێگا چارەی سەربازی لەوانەیە پاشماوەیەکی خراپی لە دواوە بێت. ئەو ووتی: ئێوە گەورەی دەکەنەوە، من فڕۆکەوانمو دەتوانم وەك شارەزایەك بڵێم

لەماوەی چەند سەعاتێکی کەمدا مەسەلەکە بەلادا دەخرێ، ئەگەر عێراق لە کوەیت نەکشێتەوە. ئێوە زیادە ڕەوی لەژمارەی کوژراوەکاندا دەکەن. (بۆ ڕاستی) بالۆێزی عەرەبستان لەسەر چارەسەری سیاسیانە ناڕازی نەبوو. تەنانەت ووتی: تەنیا یەکێتی سۆفیات دەتوانێ بەباشی کار لە هەڵوێستی عێراق بکات.

ژمارەیەك دۆستی ئەمریکایی هاتن بۆ لامان لە بالۆێزخانەکەمان. لەناویاندا (بامیلا هاریمان) بێوەژنی کەسایەتی سیاسی ناودارو ژنە ناوداری کۆمەڵایەتی ئەمریکایی. هەروەها (جودیت کیبیر) گەورە لێکۆڵەرەوەی پەیمانگای (بروکیج)ی بەناوبانگ کە تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گەڵیا هاتبوو. دیدارەکەمان لەگەڵ ئەو دووانەدا زۆر گرنگ بوو، چونکە بیرو باوەڕیان ڕەنگ دانەوەی بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئەمریکا بوو. هاریمان ووتی: بەهەر حاڵ نابێ سۆفیات دەست لە تەقەلاکانی هەڵگرێ بۆ ئەوەی ڕێگاچارەی سەربازی نەگیرێتە بەر. هەندێ پیاوی داموو دەزگای دەسەڵاتداری ئەمریکا بیریان لەوە نەکردۆتەوە تەوژمە عەفەوی‌یەکەیان بەرەو کوێمان دەبات. پاش ئەوەی ڕاپۆرتێکی دوورو درێژمان لەسەر دیدارەکانمان لەگەڵ لێپرسراوە ئەمریکایی‌یەکاندا نارد، منو بسمیرنیخو فوروتسوف بۆچوونەکانمان گۆڕیەوە. لەسەر ئەو ڕایە یەکمان گرتەوە دەبێ سۆفیاتو ئەمریکا هاوکاری یەکتری بکەن لەپێناوی ئامانجە مەبدەئیە سەرەکیەکانیان کە کشانەوەی عێراقە لە کوەیت. ئەو هەوڵانەی سۆفیاتیش لەمیانەی نێرداروەکەوە دەدرێ دژی ئەوە نی‌یە. چەند کاژمێرێك بەر لە گەڕانەوەمان بۆ مۆسکۆ ناچار بووین ڕێگاکەمان بگۆڕین، چونکە سەرۆك گۆرباچوف داوای لێ کردین لەسەر داوای (خاتو مارگرێت تاتچەری) سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بڕۆین بۆ لەندن. ژاپۆنو کەنەداش هەمان داوایان کردبوو، بەڵام بەداخەوە ناچار بووین نەڕۆینە ئەو دوو وڵاتەوە، چونکە چاوەڕوان بووین سەردانێکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەینەوە.

## دیدارێك لەگەڵ خانمی پۆڵایندا

زامیاتین-ی بالۆێزمان لەلەندن ووتی: سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بەدەگمەن لە بارەگا گوندی‌یەکەی (چیکیرز) پێشوازی لە میوانەکانی دەکا. بەڕای من

بۆیە لەوێ پێشوازی لیّ کردین چونکە من رۆژی شەممە گەیشتمە لەندن. تاتچەر رۆژانی پشوو لە دەوروبەری لەندەن بەسەر دەبا بەئۆتۆمبێلەکە بەسەعاتێك گەیشتە بەر دەرگایەکی قورسی کۆشکێکی کۆنی ئینگلیزی.

تاتچەر لە ڕێرەوێکی زیخ درێژدا پێشوازی لیّ کردین. دیدارەکەمان لە کەشێکی نارەسمیدا ئەنجام دا، سەرەك وەزیرانو - باوئیل- ی یاریدەدەریو منو بالّوێزی سۆفیات (مارکاریان) لەسەر کورسی کۆنو لەبەردەم سوپایەکی دیواریدا دانیشتن. هەستم کرد هیچ شتێك ناتوانێ جەوەکەمان لیّ تێکدا. تاتچەر بێ ئەوەی قسەکانم پێ ببڕێ گوێی لێم گرت.

پاشان سەعاتێکی تەواو بێ وەستان قسەی کردو بۆچوونی خۆی زیاتر شی کردەوە. ئەمەش ماناکەی بوو؛ نابێ لەوەدا بووەستینیەوە کە عێراق هێزەکانی لەکوەیت بکشێنێتەوە، بەلّکو دەبێ لێدانێکی توندی ئاڕستە بکرێو پشتی صدام حسین پێ بشکێنرێو هەموو توانا سەربازییەکانی ئەو وڵاتەی پێ لە ناوبرێ، تەنانەت توانا پیشەسازییەکانیشی. (تاتچەر) هیچی لەناخیا بەشاراوەیی نەهێشتەوەو ووتی: نابێ لەم ئامانجە دەست هەلّگرین. ونابێ وا لە صدام حسین بکەین گومان لە بڕوای کۆمەلّگای نێو نەتەوەیی بکات سەبارەت بە گەیشتنە ئامانجەکانی بگرە نابێ کەس لەبەردەم ئەو لێدانە پێویستەی ڕژێمی عێراقدا بوەستێ.

زۆر بەسەختی هەلّێکم دۆزیەوە تا بلّێم: ئەمە بەو مانایەدێ کە جگە لە ڕێگە چارەی سەربازی شتی تر نابینن.

تاتچەر ووتی: بەلّێ نابینم.

- کەواتە کەی کردەوە سەربازییەکان دەست پێ دەکات؟

- ناتوانم ئەوەتان پێ بلّێم تاکو عێراق...؟

(خانمی پۆلاّیین) تەنانەت پاش قەیرانەکەش لەکاتی باس کردنی مەسەلەی ڕێکخستنی کاروباری رۆژهەلاّتی ناوەڕاست، هەروەك خۆی مایەوە. ووتی دەبێ سزا ئابوورییەکانی سەر عێراق وەك خۆی بمێنێ تەنانەت پاش کێشانەوە لە کوەیت-یش. دیدارەکەمان زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند. هەستم بەوە دەکرد وتووێژەکانمان بەرەو تیژی دەڕوات، بۆیە داوام کرد کۆتایی پێ بهێنین. چونکە دیدار کاتێك بەسوود دەبێ هەلّوێستەکانی روون بکرێنەوە. زۆری نەبرد (خانمی پۆلاّیین) میهرەبانی میواندارییەکەی گەڕایەوە. پێشنیاری کرد بڕۆین بۆ کتێبخانەکەی تاکو جەوەکە بگۆڕینو خەمەکانمان بەبادەین. لەبەردەم کۆشکی کۆنی (چیگرز) لە یەکتر دابڕاین.

# بەشی سێیەم

# دیسانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

هەرکە گەیشتمەوە مۆسکۆ ئەنجامی سەردانەکەم خستە بەردەست سەرۆك گۆرباچوف. بەکورتی ئەنجامی سەردانەکەم لەمە پێك هاتبوو: بارۆمەتری دۆخەکە بەرەو لای ڕێگەچارەی سەربازی بەرز دەبووەوە. لایەنگرانی لێدانی عێراق تەنیا بەدەرکردنی عێراق لە کوەیت نەدەوەستان، بگرە ئامانجی سەرەکییان تەفرو توونا کردنی توانا سەربازیو پیشەسازییەکانی عێراق بوو. ئەمەش لەو بازنەیە دەردەچوو کە ئەنجومەنی ئاسایش دینابوو. ئەو هەڵوێستانەش لەگەڵ ڕێکەوتنی هاوپەمانێتی دژ بەعێراق نەدەگونجان. قسەکانی میترانو ئەندریۆتی پێچەوانەی ئەوانەی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بوون، بەڵام تایبەتمەندی دۆخەکە لەوەدا دەرکەوت کە فەرەنساو ئیتالیا وەك وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا ئارەزویان لە هێڵی پارێزگاری دەکرد، چونکە هەستیان دەکرد لە کاتی نەگەیشتن بە ڕێگاچارەی سیاسی ئەوان خۆیان لە قەدەرێك لە قەدەرەکانی کردەوە سەربازییەکاندا دەبیننەوە. سەرۆك بۆش هێشتا بەدڵەڕاوکەوە دەیڕوانیە ڕووداوەکان. تا ئەو کاتەش دڵنیا نەبوو لەوەی بەکارهێنانی هێز کارێکی دروستو ڕەوایە، بەڵام وادیار بوو کە ئەو لەژێر فشارێکی زۆری ناوخۆیی و دەرەکیدایە.

سەرۆك گۆرباچوف-م ئاگادارکردەوە کە کردەوە ئاشتیخوازانەکەمان لەلایەن هەموو ئەوانەی کە حەز بەچارەسەرکردنی قەیرانەکە بەرێگەی ئاشتی دەکەن پشتیوانیەکی باشی لێوە دەکرێ. ئەو سەرکردانەی کە هەڵی چاوپێکەوتنم لەگەڵیانا بۆ ڕەخسا داوای بەردەوام بوونی وتووێژەکانمانیان دەکرد بۆ ئەوەی بەوردی چاودێری باری کەنداوەی عەرەبی بکەین. دوای گوێ گرتن لە قسەکانم سەرۆك گۆرباچوف فەرمانی پێدایین تاکو سەردانی قاهیرەو دیمەشقو ڕیاضو بەغدا بکەین. سەرۆك پێی ووتم لەو وڵاتانەدا هەوڵ بدە تەقەلا عەرەبییەکان بەگەر بخەیتەوە بۆ ئەوەی عێراق ناچار بکەن بێ بەکار هێنانی هێزو خەڵات کردن لە کوەیت بکشێتەوە. هەروەها داوای کرد تاکو صدام لەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە بەئاگا بێنمەوە. جگە لەوانە مەسەلەی پسپۆرە سۆفیاتییەکان جارێکی تر بخەمەوە بەرباس هەر چەندە خشتەی گەڕانەوەی ١٥٠٠ کەسەکە بەپێی ڕێکەوتننامەکە بەردەوام بوو، بەڵام هەندێ گرفتی نوێ لە ئاسۆوە دەرکەوتن.

چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق ڕێگایان بەگەڕانەوەی ئەو هاوڵاتی‌یە سۆفیاتی‌یانە نەئەدا کە لە ڕێکەوتننامەکەدا نەبوو. هەروەها ڕێگە گرتن لە گەڕانەوەی ئەو شارەزا سەربازی‌یانەی کە عەقدەکانیان تەواو ببوو هێندەی تر دۆخەکەیان ئاڵۆز تر کردبوو. چونکە ڕێگەیان بەهیچ کامیان نەدا کە بگەڕێنەوە. تەنانەت ئەوانەشیان لە فڕۆکە دابەزاند کە معامەلەی گەڕانەوەیان تەواو کردبوو. سەرۆك گۆرباچوف ووتی دەبێ بەتوندی مەسەلەی ئەو بارمتانەیان لەگەڵدا باس کەن کە بەزۆر لە پرۆژە سەربازی‌و ستراتیژی‌یەکاندا دایان ناون. لە کۆتایی‌دا ووتی ئەو سەردانە بقۆزنەوە بۆ چالاك کردنەوەی هێلی چارەسەرکردنی ململانیەی عەرەب – ئیسرائیل.

کاتێك من باس لە لایەنەکانی ئەرکەکەم بەدرێژی دەکەم نامەوێ بەهیچ جۆرێك لای خوێنەر بۆ چوونێکی وا دروست بکەم کە کارەکانی من بەشێکی سەربەخۆ یان لەمپەر بووە لە پێش تەقەلاکانی تری یەکێتی سۆفیات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیانە. ئەرکی من بەشێکە لەسەرجەم ئەو دیدارو سەردانو ڕاوێژ کردنانەی تری وڵاتەکەم لەو پێناوەدا. ئەوانەش لەکاتو شوێنی جیاواز بەنهێنی‌و بەئاشکرا ئەنجام دراون، بەڵام ئەرکەکانی ئێمە دەتوانێ لەوەدا چڕ بکرێتەوە کە تەنیا کەناڵی پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ بووە بە خودی صدام حسین-ەوە. بەپێویستی دەزانم هەندێ لە سەر ڕۆڵی ئەو باڵوێزانەی سۆفیات قسەبکەم کە من سەردانیانم کردوە. (بولیاکوف) لە میسر (گردیادنیوف) لە ئوردون، (وزوتوف) لە سوریا، (یوسوفاکوك) لە عێراق و (کولوتوشا) باڵوێزی جارانی سۆفیات لە لوبنانو بەڕێوەبەری فەرمانگەی دەرەوەی ئێستای سۆفیات. سەرەڕای جیاوازی لەنێوانیاندا، بەڵام هەر هەموویان دیپلوماتی کارامەو بەئەزموونو وردەکارنو ئاگایان لە هەموو گۆڕانکارە عەرەبی‌یەکان هەیە. لەوەش زیاتر هەموویان عەرەبی بەباشی دەزانن‌و لەتەقەلای بێ وچاندان بۆ دروست کردنی دۆستی لە نێوان سۆفیات ئەو وڵاتانەی کە تێدا دەژین. ئەو باڵوێزانە لە سەرخستنی ئەرکەکانمدا شەهامەتێکی زۆریان نواند.

لە ۲۳-ی تشرینی یەکەم مۆسکۆمان بەمەبەستی قاهیرە بەجێ هێشت. لە فڕۆکەخانە تاکو سەنتەری شار لەگەڵ وەزیری دەرەوە (بطرس غالی)دا قسەمان کرد. بێزاری‌و نارەزایی خۆی لەسەر ئەنجامەکانی شەڕەکە دەربڕی. لە ڕوخساری (اسامە الباز)ی کۆنە هاوڕێمو لێکۆڵەرەوەی بەتواناش‌دا بێزاری‌یەکی گەورە دەبینرا. لەو کاتەدا ئەو سەرۆکی نووسینگەی سیاسی دیوانی (حسنی مبارك)

بوو. نائارامییەکانی (الباز) بەتەنیا لەبەر ئەوە نەبووکە هێزە میسرییەکان لەو جەنگەدا بەشدار دەبن، بەڵکو زیاتر بۆ ئەو هەزاران کرێکارە میسرییانە بوو کە لە کەنداوی شانۆی کردەوە سەربازییەکاندا کاریان دەکرد. بێ هیچ ڕتوشێك (اسامە) ئەو دیوی پاش قەیرانەکەی لەپێش چاو بوو. بەتایبەت ئەگەری پەرەسەندنی ئوسولویەتی ئیسلامی...

دوو گرفت لەو سەردانەدا هاتە ڕێمان. یەکێکیان تەکنیکی بوو. چونکە لەو کاتەدا (حسنی المبارك) بەسەردان چووبوو بۆ کەنداوی عەرەبی. بەقسەی (اسامە الباز) سەرۆك (المبارك) ئامادەیە ماوەی سەردانەکەی کەم کاتەوەو لە ٢٦-ی مانگی چاوی پێمان بکەوێ. گرفتی دووەم سیاسی بوو. چونکە بەگوێرەی قسەکانی (اسامە الباز) وەزیری دەرەوەی سعودیە داوای لێمان کرد بوو کە بەر لە (الریاض) سەردانی بەغدا بکەین، کەچی بەغداش داوای دەکرد پێشتر سەر لە (الریاض) بدەین. دوای تاوتوێ کردنی مەسەلەکە گەیشتمە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە.

پێویستە داخوازی سعودییەکان جێبەجێ بکەین، چونکە کاتێك لە بەغداوە دەگەڕێمەوە چاوم بە (شا فەهد) دەکەوێ لە هەگبەکەمدا شتێك شك دەبەم بۆ قسە کردنو ڕاگۆڕینەوە لەسەری.

دیدارەکەم لەگەڵ سەرۆك (حافظ الاسد) بخرێتە ٢٥-ی مانگەوە. وەڵامەکەم دوانەکەوت. بەیانی ٢٥-ی مانگ فرۆکەکەمان لە دیمەشقدا نیشتەوە. سەرۆك ((الاسد)) بەوردی گوێ لە بەرامبەرەکەی خۆی دەگرێ. دوای دەربڕینی پشتگیری بۆ تەقەلاکانمان، فکریەکی گرنگی خستە ڕوو. ((الاسد)) ووتی: بۆ دیدارێك لەسەر ئاستی سەرکردە عەرەبەکان ساز نەکەین؟

ئەمە دەتوانێ بانگەشەیەك بێت بۆ صدام تاکو لەبەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەب لەکوەیت پاشەکشە بکات. لەو بانگەشەیەدا دەبێ باس لەوە بکرێ کە ئەو کشانەوەیە دەتوانێ دەرگایەك لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین بکاتەوە.

- ئایا دیدارێك لەسەر ئاستی لوتکەکان دا دەتوانرێ ئەنجام بدرێ؟

دەتوانرێ پێشنیارە عەرەبیەکە لە شێوەی نامەیەکی کراوە بێت بۆ صدامو هەموو سەرکردە عەرەبەکان ئیمزایان کردبێ. باهەندێکیشیان ئیمزای نەکەن. بەپێی قسەکانی سەرۆك ((الاسد)) بەحوکمی بارودۆخەکە تەنیا یەکێتی

سۆفیات دەتوانێ لەرێگەی پەیوەندی کردن بەصدام حسین-ەوە بڕیارێکی عەرەبی یەکگرتوو دروست کات. لە ٢٦-ی مانگ جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ قاهیرەو چاومان بەسەرۆك ((حسنی المبارك)) کەوت، لەو دیدارەدا زۆر بەتوندی ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگمان مەحکوم کرد. ئەوەشمان باس کرد کە ڕەنگە صدام وابزانێ ئەم تەقەلایانە بۆ ئاشتی دەرئەنجامی ناکۆکی‌یە لەنێوان هاوپەیمانەکانمان دایەو وای لێ بکات بیانوویەك بۆ نەکشانەوەی هێزەکانی لەکوەیت بدۆزێتەوە. سەرۆك (المبارك)) سەرەڕای پشتگیری کردنی تەقەلاکانمان ئەم پێشنیارەشی کرد. گەر صدام ڕازی بوو لەسەرکشانەوە لە کوەیت، گەرەنتی ئەوەی پێ بدرێ لەگەڵ کوەیتی‌یەکان دا دانوستاندن بکات. المبارك بێ هیچ پێچو پەنایەك ووتی: مـن دەتوانم لەپێش دا ئەو گرەنتی‌یە بدەم.

- ئەی سعودی‌یەکان چی؟
- بەدڵنیایی‌یەوە دەڵێم سعودی‌یەکانیش ئەو گرەنتی‌یە دەدەن.

بۆ مەسەلەی دیداری لوتکەی عەرەبیش، حسنی المبارك لەسەرۆك الاسد زیاتر گومانی لەسەرکەوتنی ئەو دیدارە هەبوو. لەکۆتایی‌دا لەسەر خاڵێك یەکمان گرتەوە کە دەبێ خاڵێکی جیاواز هەبێ لەنێوان ((خەڵات))کردنی عێراق و ڕەخساندنی هەلێك بۆ کشانەوەی لە کوەیت بێ ئەوەی ئابروی بچێ، هەستم دەکرد دوای دیدارەکانی دیمەشقو قاهیرە زیاتر ئومێد پەیدا دەکەم. کلیلی سەرکەوتنی ئەرکەکانم لە بەغدا بوو. بەڵام سەردانەکەی ئەوێم گومانی تێ کەوتبوو. چونکە تاریق عزیز بە - یوسوفالۆك -ی ئێمەی وتبوو عێراق بەنارەزایی‌یەوە تەماشای ئەو بڕیارە دەکات کە ئەنجومەنی ئاسایش بەنیازە دەری کات و داوا لە عێراق بکات زیانەکانی کوەیت قەرەبوو بکات. بەقسەی تاریق عزیز ئەو بڕیارە بۆ ماوەیەکی زۆر عێراق دەخاتە ژێر هەڕەشەیەکی بەردەوامەوە. چونکە لەوانیە داخوازی‌یەکانی بەردەوام بن و کۆتایی‌یان نەبێت. عزیز وتبووی سۆفیات چالاکانە کار دەکات بۆ دەربازکردنی بڕیارەکە، لەو حاڵەتەش دا هاتنی نوێنەری سەرۆکی یەکێتی سۆفیات هیچی لێ ناکەوێتەوە. دوای بیستنەوەی ئەم قسانە پەیوەندیم کرد بەنوێنەری هەمیشەیی‌مان لە (U.N) ((فوروتسوف))و دۆخە تازەکەم بۆی شی کردەوە. زانیم، بڕیارەکە ئەمڕۆ یا ئێوارەی هەینی (لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی کات) یاخود نیوەی یەکەمی ڕۆژی شەممە دەردەچێت. بڕیارەکە زۆر پێشنیاری لەلایەن یەمەنو کوباوە خرابووە سەر.

- ئایا پێویست بەوە دەکات ئەنجومەنی ئاسایش یەکسەر بڕیارێکی تر دەرکات؟

لەوەڵامەکان دا دەرکەوت کە نوێنەری بریتانیاو ئەمریکا سوورن لەسەر ئەوە. دوای پەیوەندی‌یە تەلەفۆنی‌یەکە. بروسکەیەکم بۆ مۆسکۆو داوام کرد فەرمان بدەن بەنوێنەرمان لە U.N تاکو هەوڵ بدات بڕیارەکە بۆ دوو ڕۆژ دوابخرێ هەر لەو کاتەشدا پەیوەندیم بەبەغداوە کردو شتێکی لەم بابەتەم بۆ تاریق عزیز نارد: لەم کاتەی کە ئێمە هەموو تواناکانمان خستووەتە کار بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی سیاسی بۆ قەیرانەکە، تەگەرە دروست کردنی عێراق لەبەردەم هەوڵەکانمان تووشی سەرسوڕمانی کردوین. بەهیچ جۆرێك نایەین بۆ بەغدا تا ئەو کاتەی خۆتان داوەت نامەمان ئاراستە دەکەن. ئەگەر لەماوەی ڕۆژێكدا وەلاّمان نەدەنەوە مانای وایە سەردانەکەمان سەرناگرێ. باڵوێزمان لە عێراق بەو کارە هەستابوو. هەر لەو کاتەدا تاریق عزیز وەلاّمی داینەوە کە عێراق ئامادەیە لەبەرزترین ئاست دا پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی یەکێتی سۆفیات بکات. بۆیەش بەردرێژی ئەمانەم باس کرد، تاکو ئەوە دەرخەم کە عێراق چەندە گرنگی بەتەقەلاکانی ئێمە دەدا. وەلاّمەکەی بەغدا گرفتی سەردانی (ریاض)و بەغداشی چارەسەرکرد. ڕۆژی دوای ئەوە لە فرۆکەخانەی بەغدا نیشتینەوە. هاوکات نوێنەری هەمیشەیی‌مان لە (U.N) داوای لە هاوتاکانی خۆی کردبوو تاکو دەرکردنی بڕیارەکە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دوا بخرێ. واتا دوای گەیشتنی زانیاری لەسەر وتووێژەکانمان لەگەڵ بەغدادا.

وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر ئەو داوایە ئێمە ڕازی بوون، بەلاّم ئاخۆ لە بەغدا چی چاوەڕێی دەکردین؟

## گەڕانەوە بۆ بەغدا

ئەم دیدارەشم لەگەڵ صدام حسین دا وەك دیدارەکەی ترم درێژ بوو. سەرەتا ئەوانی ترمان لەگەڵدا بوو، پاشان بە دوو قۆڵی دانیشتین. صدام بۆ ئەم کۆبوونەوەیە هەموو سەرکردایەتی عێراقی هێنابوو. هەرهەموویان یونوفۆرمی سەربازی‌یان لەبەرکردبوو. صدام ووتی خۆم بەئەنقەست هاوڕێیانی سەرکردایەتیم

هێناوە. داوام وایە ڕێگەیان پێ بدە گوێ لە قسەکانمان بگرن، چونکە لەناویان دا (باز)و (کۆتر) هەیە.

بەدوری نازانم صدام ئەو قسانەی بۆ ئەوی کردبێت تاکو پیشانی بدات کە هێشتا کات بۆ مناوەرە کردن ماوە، بەڵام گومانم لەوە نی یە کە هەموو مەسەلەکان لە دەستی خۆی دایە ئەوانی تر تەنیا لەوەدا ئازاد بوون کە هەندێکیان بەحەماسەتێکی زۆرو هەندێکی تریان نەختێ کەمتر سەری بۆ قسەکانی ئەو دەلەقاند، بەڵام کەسێك نەبوو سەری ڕەزامەندی نەلەقێنێ. کاتێك هەردوو دیدارەکە لەگەڵ یەکدا بەراورد بکەین، گرنگی ئەوەی دووەم بەئاسانی دەردەکەوێ.

لەو سێ هەفتەیەدا گۆڕانێکی بەرچاو دەبینرا. لە دیداری پێنجی تشرینی یەکەم صدام زۆر بەتوندی جەختی لەسەر خاوەندارێتی عێراق بۆ کوەیت دەکردەوە، کەچی لە ٢٨-ی تشرینی یەکەم بەهیچ جۆرێ ئەو مەسەلەیەی نەهێنایەوە گۆڕێ. تەنانەت ئەمجارەیان صدام قسەکانی لەسەر پێویستی کشانەوەی هێزە عێراقی یەکان لە کوەیت بەخراپ وەرنەگرت، بگرە ئارەزووی خۆی بۆ وتووێژ کردن لەسەر مەرجە دیاریکراوەکانی ئەو کشانەوەیە پیشان دا. لە کاتی دانیشتنە دوو قۆڵیەکەمان دا، (کیرپیچینکو ئامادە بوو و قسەکانیشی وەردەگێڕاین) صدام وتی: ((چۆن دەکرێ هێزەکانم لە کوەیت بکشێنمەوە تا نەزانم چارەنووسی ئەو هێزە ئەمریکایی یانە کە لە سعودیەن چی بەسەردێ. یان ئەو سزا ئابووری یانەی سەر عێراق هەڵدەگیرێ یان نا، یان چی زەمانەتێك هەیە بەوەی ئێمە دەروازەی دەریامان دەبێ یان نا. ویان دەکرێ کشانەوەمان لە کوەیت ببەسترێتەوە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین؟)).

لە سەرۆکی سۆفیاتەوە فەرمانم پێدرا بوو کە بەڕاشکاوی داوا لە عێراق بکەم کێشەی ئەو هاوڵاتیە سۆفیاتی یانە چارەسەر بکات کە نیازی گەڕانەوەیان هەیە بۆ وڵات. بەبەرچاوی خۆمەوە صدام سکرتێرەکەی خۆی بانگ کردو پێی وت هەرکاتێك ئەو هاوڵاتی یە سۆفیاتی یانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوەو حجز کران، ڕاستەوخۆ خۆمی لێ ئاگادارکەرەوە. هەروەها فەرمانیدا یەکسەر ڕێگە بەو پسپۆرە سەربازی یانەی بدەن بگەڕێنەوە بۆ سۆفیات کە عەقدەکانیان تەواو کردوە، بۆ دڵنیا بونیش لە دووی تشرینی دووەم ٣٦ پسپۆری سەربازی بەفڕۆکەیەکی (ئیرفوت) گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ. خشتەیەکیش دانرا بۆ گەڕانەوەی هەزار هاوڵاتی تریش تاکۆتایی تشرینی دووەم. ئەم ژمارەیە لەو داواکاریانەی کە درابوون

بەرێکخراوەکانی یەکێتی سۆفیات زۆرتر بوون. صدام پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە مەسەلەکە پەیوەستە بە ئارەزووی خۆیان بۆ گەرانەوە. بەپێویستی دەزانم باس لە گرفتی یەکێك لەو پسپۆرانە بکەم کە دەسەلاّت دارانی عێراق دوو ساڵو نیو لە زیندانیان ئاخنی بوو. (کاماز) شوفێری ترێلەیەك بووە، بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێلەوە چەند هاولاّتی یەکی عێراقی کوشتبوو. دادگای عێراق دووجار ئەویان ئازاد کردبوو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەی عەقدەکەشی تەواو ببوو رێگەیان نەئەدا بگەرێتەوەو کێشەکەیان سەر لەنوێ بۆ تازە دەکردەوە. ئەمە ببووە هۆی بێ ئومێد بوون و بێزاری ئەو. چونکە بەتەنیاو دوور لە خێزانەکەی لە بارێکی دەروونی زۆر خراپ دا دەژیا. لەسەر فەرمانی سەرۆك گۆرباچوف باسی ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ صدام دا کردو زۆر پێم لەسەری داگرت. یەکسەر فەرمانی چارەسەرکردنی گرفتەکەم لەصدام وەرگرت و هەر بەوشەوەش معامەلەی سەفەرەکەی تەواو کرا (کاماز) لەخۆشیا بڕوای نەدەکرد. لەگەڵ ئێمە هات بۆ سعودیەو لەوێوە چوو بۆ قوبرس و لەوێشەوە گەرایەوە بۆ مۆسکۆ. ئەو بێ چارەیە هێندەی ئازار دیبوو لە کاتی دابەزین لەفرۆکەخانەی ئەو ولاّتانەدا بڕوای بەخۆی نەدەکرد. صدام لەم دیدارەدا بەپێچەوانەی دیدارەکەی تر ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ قسەکردن لەسەر کێشەی بارمتە بیانی یەکان. هەروەها خۆشحالّی خۆی بۆ بەگەرخستنەوەی چالاکی یە عەرەبی یەکان لەپێناو دەرباز بوون لەو قەیرانەی کە بەرۆکی عەرەبی گرتووە دەربڕی.

منیش ناوەرۆکی وتووێژەکانی خۆم و حافظ الاسد و حسنی المبارك-م بۆی باس کرد. ئەوەی سەرنجی راکێشاین ئەوە بوو کە صدام پێی دادەگرت کە سعودیە لایەنێکی سەرەکی عەرەبی یە بگرە تەنیا لایەنە بۆ وتووێژ کردن لەگەڵیا.

ئامادەی خۆشی دەربڕی بۆ قسە کردن لەگەڵ هەرلێپرسراوێکی ئەو ولاّتە لە هەرکوێیەك بێت. ئەوەی کە بەلامەوە گرنگە بلێم ئەوەیە کە صدام حسین بۆ هیچ یەك لە کێشە سەرەکی یەکانی ووشەی (بەڵێ)ی نەدرکان. ئەو کاتەی بە تەنیا ماینەوە پێم ووت: تۆ لە زووەوە من دەناسی‌و لەوەش دڵنیای کە من راستی یەکانت لێ ناشارمەوە. گەر هێزەکان لە کوەیت نەکشێنیتەوە دڵنیا بە عێراق گورزێکی کاریگەری بەر دەکەوێ.

صدام لە وەلاّم دا ووتی: من ناتوانم هیچ کارێك لە خۆمەوە بکەم تاکو وەلاّمی ئەو پرسیارانەم دەست نەکەوێ کە پێشتر کردمن. صدام بەدڵنیای یەوە ووتی: ئەو کارە وەك خۆکوژی وایە بۆ من و مەسەلەکەش تەنیا لای من نی یە،

ئەگەر هێزەکانم لە کوەیت بکشێنمەوە بێ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەست کەوێ یانی کوشتنی عێراق. هەر لەبەر ئەمەشە من چاوەڕوانی درێژە پێدانی پەیوەندییەکانم.

لەو دیدارەدا هیچ ئومێدێکم بۆ کشانەوە لە کوەیت لە قسەکانی صدام دا بەدی نەکرد. ڕۆژی دووشەمە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش دەنگیان بۆ ئەو بڕیارە دا کە پێشتر باسمان لێوە کرد. هەستمان کرد بەدەستی (بەتاڵ) سەردانی (ریاض) ناکەین. لەو کاتەی ئێمە لە بەغداوە دەچووین بۆ (ریاض) سەرۆکی سۆفیات و فەرەنسا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان لە پاریس دەبەست. ئاژانسەکانی دنگ و باس باسیان لەو مەسەلەیە کردو کە گەڕامەوە بۆ مۆسکۆ بەدرێژی لەسەر ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییە ئاگادار کرامەوە. هەردوو سەرۆك لەکۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەکەیان دا بەدرێژی لەسەر ئەنجامی دیدارەکە ئێمە لەگەڵ صدام حسین دا وەستابوون.

## لەسەر خاکی سعودیەدا

یەکەم دیدارمان لە ((الجدە)) بوو. یەکەم جار بوو سەردانی سعودیەم دەکرد. بنەماڵەی فەرمانڕەوا بەسەرۆکایەتی (شافەهد) لە چوارچێوەی مێزێکی زۆر درێژ کەلە مێزە ڕەسمییەکانی نووسینگەکانی لای ئێمە دەچوو، دانیشتبون. وەلی العهد شازادە عبدوڵاو شازادە سلطان وەزیری بەرگریو شازادە سعود الفیصل وەزیری دەرەوە ئامادەی ئەو دیدارە بوون. هێشتا ماوەیەکی کەم بەسەر گەڕانەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەردوولاماندا تێپەڕیبوو. (پەیوەندییەکانی سعودیەو سۆفیات لە ساڵانی سییەوە پچرابوو). سعودییەکان کە شارەزای هەڵسوکەوتی سیاسی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێمەدا نەبوون؛ تا پێیان دەکرا هەوڵیان دەدا ڕای ئێمە لەسەر ڕووداوەکان بزانن. کاتێك ووتم یەکێتی سۆفیات یەك هەنگاو لە هەڵوێستەکانی پاشگەز نابێتەوەو سوورە لەسەر ناچار کردنی عێراق تاکو لە کوەیت پاشەکشە بکات. هەروەها تەقەلای بێوچان دەکات بۆ ئەوەی لەڕیگەی ئاشتییەوە دۆخەکە وەك پێش دووی ئاب لێ بکاتەوە. شافەهد بەچەپڵە ڕێزان پێشوازی لە قسەکانم کرد. بەشێوەیەکی گشتی سادەییو ئارامی

سعودی‌یەکان سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ، لەوانەیە ئەمەش لەبەر سروشتی خێڵەکیەکەیان بێ. شاو دەوروبەرەکەی بەچاوی ڕەزامەندی‌یەوە دەیانڕوانی‌یە (بوخچەی شاراوە)ی قسە کردن لەگەڵ صدام حسین دا. لە هەمان کات دا هەستم بەجۆرێك لە دوو دڵی کە پێشتر لای ئەمریکایی‌یەکانیش هەستم پێ کردبو، دەکرد: ئایا صدام حسین ئەم پێشنیارە ناقۆزی‌ئەوە بۆ ئەوەی مۆڵەتێکی زیاتری هەبێ بۆ شوێن پێ قایم کردن لە کوەیت؟. ئەوەی بەلای ئەوانەوە کاریگەر بوو، ئەو هەولانەی عێراق بوو کە دەیویست تەرکیبەی دانیشتوانی کوەیت بگۆڕێو خەڵکە ڕەسەنەکەی دەربەدەر بکات. بنەماڵەی شا فەهد دەیانویست شەڕ هەرچی زوترە دەست پێ بکات، چونکە کات لە بەرژەوەندی صدام حسین دا بوو. کە چی شا فەهد بۆ خۆی هەڵوێستێکی نەرمتری هەبوو. قسەکانی لە گەڵماندا بەراشکاوی‌و دڵسۆزانە بوو. دەتوانم بڵێم ئەوە تەنیا نیشانەی میوان بەرە سعودی‌یەکان نەبوو، بەڵکو ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بوو کە شا فەهد بەهەموو قەناعەتێکەوە حەزی دەکرد عێراق لە ڕێگەی ئاشتی‌یەوە کوەیت چوڵ کات. مەسەلەی پەیوەندی کردن بەعێراقەوە بەلای سعودی‌یەکانەوە شتێکی زۆر حەساس بوو. سعودی‌یەکان گلەیی‌یان لە عێراق دەکرد کە قەدری ئەو یارمەتی‌یە زۆرانەیان نەگرتووە کە لەکاتی جەنگی عێراق - ئیران دا سعودیەو کوەیت و ئیمارات پێشکەشیان کردوە. بەباکردنی ئەم کاکۆنەیەش بیانوی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەڵام هەڵوێستی ڕیاض لەسەر عێراق زۆر لەوە دوور بوو کە لەسەر بناغەی سۆز حوکمی لەسە بدرێ. چونکە عێراق بەبەردەوامی (سەنتەری هێز)بووە لە کەنداو، و هەمیشەش بەرامبەر ئێران وەستاوە، سعودی‌یەکانیش خۆیان بەدەوڵەتێکی پێشڕەوی عەرەبی دەزانن لە ناوچەکەدا.

دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ لە عێراق جێگەیەکی گرنگی پێدانی شا فەهد بوو، چونکە وا لە سعودی‌یەکان دەکات ئەوانیش خۆیان پڕ چەك بکەن، ئەویش نەك بەتەنیا لەرێگەی چەك کڕین بەڵکو لە ڕێگەی پەرەپێدان و دروست کردنی چەکی مۆدێرنەوە. ئەم خۆ پڕ چەك کردنە لەبەرژەوەندی یەکێتی سۆفیات دا نی‌یە، بۆیە ئێمە ئەمە بەتوندی ڕەت دەکەینەوە.

ئەو قسانەی صدام حسین-م گەیاندە شا فەهد کە وتی: شا فەهد لە هەموو سەرکردەکانی عەرەب زیاتر دەتوانێ لە چارەسەرکردنی قەیرانی کوەیت دا ڕۆڵی کاریگەر بگێرێ و ئامادەشم لەگەڵیا دانیشم. فەهد خۆی لە وەڵامی ڕاستەوخۆ دزی‌یەوە، بەڵام ووتی: تا ئێستا چەندین جار پێکەوە دانیشتووین، پێشتر تەها

یاسین ڕەمەزان هات بۆ ئێرەو لەگەڵ وڵاتەکانی تردا پەیوەندییمان کرد. هەستم دەکرد شا فەهد نایەوێ یەکسەر بڕیار لەسەر کۆبوونەوەی عێراق - سعودیە بدات. لێرەدا هەماهەنگی ئەمریکاو سعودیە بەئاشکرا دەردەکەوێ. (دەبوو لە سایەی هەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی سعودیە هەروا بوایە). هەروەها جیاوازی ڕا لەنێوان بنەماڵەی دەسەڵات داریش ڕۆڵی خۆی هەبوو، لەسەرو ئەوەشەوە شا فەهد داوای لێ کردین بەردەوام بین لەسەر تەقەلاکانمان. ئەو ووتی: بەگشتییەوە دەڕوانمە ئەو متمانەیەی کە لەنێوان هەردوولامان دا دروست بووە) ئەوەشی ووت کە بۆ خۆی نامەیەك دەنووسێ بۆ سەرۆك گۆرباچوف و بیروڕای خۆی لەسەر تێکڕای مەسەلەکان بۆی‌ش دەکاتەوە.

وەزیری دەرەوی سعودی‌یە (سعود الفیصل) پێی ووتم کە ئەمیری کوەیت حەز دەکات چاوی بەنێردراوی تایبەتی سەرۆك گۆرباچوف بکەوێ. لەکاتی داگیرکردنی کوەیت ئەمیر توانیبووی لە کۆشکەکەیەوە هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە سعودیەو لە هێزەکانی عێراق خۆی دەرباز بکات. سعودیەکان وتیان یەکێك لە فڕۆکەکانی شافەهد دەتانبا بۆ شاری (الطائف) و لە هوتێلی شیاتون چاوتان بەئەمیر دەکەوێ. هەر لە سەرەتای قەیرانەکەوە ئێمە داوامان کرد سەروەری خاکی کوەیت بگەڕێتەوەو هاوسۆزی خۆشمان بۆ گەلی کوەیت لەسەر ئەو نەهامەتی‌یەی کە بەرۆکی گرتوون دەربڕی.

هیچ کاتێك ئەوەمان لەیاد ناچێ کە کوەیت یەکەم وڵاتی کەنداوی عەرەبە کە پەیوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانی بەبەردەوامی لەگەڵمان دا هەبووە. گرنگی ئەم چاوپێکەوتنە بۆ ئێمە لەوەدا دەردەکەوت کە ڕاستەوخۆ ئاگاداری بیروڕای ئەمیر دەبووین لەسەر ئەو تەقەلایانەی کە پێی هەڵدەستن. شتێکی ئاسایی بوو کە لە هەموو کەسێك زیاتر کوەیتی‌یەکان حەز لە ئاراستەکردنی گورزی سەربازی لە عێراق دەکەن. بەڵام هەستم دەکرد ئەمیری کوەیت زۆر بە خۆشحاڵی‌یەوە گوێ بۆ ڕوونکردنەوەکانمان شل دەکات و هیچ گومانیشی لەو تەقەلایانەی کە ئێمە پێی هەڵدەستین نی‌یە.

# جارێکی تر لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا

# بەڵام لە جەولەیەکی تردا

لە پازدەی تشرینی دووەم ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی (جۆن کەنەدی) لەهوتێلی (ولدورف ئاستوریا) بەڕێوە دەچوو. خەڵاتی ساڵی ۱۹۹۰ بەر من و سیناتور (ولیم برادنی کەوت. ئەم هاتنەم بۆ ئەمریکا هاوکات بوو لەگەڵ وتووێژەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دەرکردنی بڕیارێك کە تێیدا ماوەی بەکار هێنانی هێز دژی عێراق دەست نیشان دەکرێ. لە زۆر کۆمپانیای T.V و ڕۆژنامەنووسی‌یەوە داوام لێ دەکرا تاکو چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەم. یەکێك لە دیمانەکانم لەو ژمارەی (نیویورك تایمز)دا بڵاوکرایەوەکە لە ١٦ی تشرینی دووەم دەرچوو. لەو دیدارەدا داوام کرد ئەو بڕیارە دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر، چونکە دەرچوونی ئەو بڕیارە یانی شمشێر کێشان لە ڕووی عێراق و کەم بوونەوەی ئەگەری بەکار هێنانی فشاری سیاسی لەسەر عێراق تاکو بەئاشتی لە کوەیت بکشێتەوە. لەباری دەرونیشەوە لەوە دڵنیا بووم کە ئەم بڕیارە پێچەوانەی مەبەستەکان دەپێکێ. وەك پێشتر باسم کرد، عێراقی‌یەکان زۆر نیگەران بوون بەرامبەر ئەو زنجیرە بڕیارانەی کە هەر لەسەرەتای قەیرانەکەوە بەبەردەوامی دەژیان دەردەکران. هەڵوێستە سلبی‌یەکەی من لەسەر دەرکردنی بڕیارەکە سەرنجی ڕۆژنامە نووسەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لەو کاتەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ئورووپا بوو، لەسەر ئەو هەڵوێستەی من پرسیاریان لێ کردبوو، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی ئەوە هەڵوێستی تایبەت بەخۆیەتی. لە ڕاستی‌دا منیش هەر ئەوەم ووت. وەك ئاشکرایە کاتێك ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٨٧٦-ی دەرکرد جگە لە چین هەموو ئەندامە هەمیشەیی‌یەکانی ئەنجومەن لەسەری ڕازی بوون. بەر لەو بڕیارە تاریق عزیز جارێکی تر چووبو بۆ مۆسکۆ. دوای ئەویش وەزیری دەرەوەی سعودیە هات بۆ لامان. هەرچەندە من لەو کاتەدا لە مۆسکۆ بووم، بەڵام هیچ کامیانم نەبینی. بڕیاری ٨٧٦ کورترین ماوەی بۆ صدام حسین دانا تاکو لەکوەیت پاشەکشە بکات. سەرۆك گۆرباچوف جارێکی تر هەوڵەکانی خۆی خستەوە کار بۆ ئەوەی ئاگری شەڕە چاوەڕوانکراوەکە خامۆش بکات. ((بیلوسوف))ی نارد بۆ بەغدا تاکو صدام ناچار بکات لەگەڵ ئەمریکایی‌یەکان لە ((جنێف)) دابنیشێ. لەو کاتەدا ئاسۆی دانیشتنی ئەمریکا - عێراق لێڵ بوو، چونکە صدام بەو کاتە ڕازی نەدەبوو کە ئەمریکایی‌یەکان بۆ دانیشتنەکەیان دانابوو. لەهەمان کات دا

ئەمریکاش بەو رۆژە رازی نەدەبوو کە صدام داینابوو تاکو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی بەغدا بکات. بەھەرحاڵ دیدارەکە لە جنێف سازدراو حەوت کاتژمێری خایاند. لای ھەموو لایەك تروسکایەك ئومێد دروست بوو، بەڵام ئەو ئومێدە هیچی بەهیچ نەکرد، چونکە تاریق عزیز لە ھەگبە دیبلوماسی یەکەی دا ھیچی تازەی پێ نەبوو. ((جیمس بیکەر-یش)) بەو ئومێدەوە ھاتبوو تاکو داوا لە عیراق بکات بەبێ مەرج لەکوەیت دەرچێ. بەم جۆرە ھەردوو لا بەدەستی خاڵی گەرانەوە بۆ وڵاتەکەیان.

دوای ئەوە سکرتێری (U.N) (خافیر پیرز دیوکویلیار) سەردانی بەغدای کرد، بەڵام چۆن وەك پێشبینی دەکرا ئەویش هیچی پێ نەکرا چونکە دەستەکانی بەبریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەسترابوونەوە. لەسەرو ئەوەشەوە هێشتا گورباچوف بێ ئومێد نەبوو. بەر لە کۆتایی مۆڵەتە دیاری کراوەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بەھەفتەیەك، سەرۆك گۆرباچوف بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ سەرۆك بۆش دا کردو پێی ووت کە ئەو ئامادەیە جارێکی تر نێردراوی تایبەتی خۆی رەوانەی بەغدا بکاتەوە. لەو کاتەدا بەدرێژی (بوخچەی شاراوە) لە رێگەی باڵوێزەکەمانەوە رەوانەی واشنتن کرد. (مەبەست لەوە ناچار کردنی عێراقە بۆ کشانەوە لە کوەیت بەبێ بەکار ھێنانی هێزی سەربازی). سەرۆك بۆش بە گۆرباچوف-ی وتبوو کە ھەر ئێستا لەگەڵ بسمیرتینیخ دا کۆ دەبێتەوە. بۆش لە وتارێکی رادیۆیی دا بەخۆشحاڵی یەوە پێشنیارەکانی گۆرباچوفی ھەڵسەنگاندو دواتریش بەباڵوێزخانەکانیان وتبوو کە ئەمریکا رازی لەسەر چوونی نێردراوی تایبەتی سەرۆك گۆرباچوف بۆ بەغدا بەمەرجێ ئەرکەکەی تەنیا ئەوە بێ کە بە صدام بڵێن بێ هیچ مەرجێ کوەیت چۆڵ کات. لە کاتژمێر ٢,٤٥-ی شەوی ١٧/ی کانونی یەکەم بەزەنگی تەلەفۆنەکەمان لە خەو ھەستام. گۆرباچوف ووتی: یازوف و بسمیرتینخ و کریوچکۆف بەرێوەن بۆ کرملین تۆش خۆت بگەیەنی لامان. پاشان ووتی: بەرلەماوەیەکی کورت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تەلەفۆنی کردوە بۆ ماڵی وەزیری دەرەوەی خۆمان و پێی ووتووە کە دوای چەند دەقەیەکی تر جەنگ دەست پێ دەکات. گۆرباچوف داوای لێ کردین کە بەناوی ئەوەوە تەلەفۆن بکەین بۆ سەرۆك بۆش و داوای دوا خستنی شەرەکەی لێ بکەین بۆ ماوەیەکی تر. بۆ ئەوەی عێراق ناچار کەین بەیانامەیەك لەمەر کشانەوەی هێزەکانی لە کوەیت دەرکات. جیمس بیکر وتبووی جەنگ دەستی پێ کردو بۆمبو موشەك لەسەر عێراق و کوەیت دەتەقنەوە.

# بەشی چوارەم

# دەست پێ کردنی کردەوە سەربازی‌یەکان

وەك چۆن چاوەڕوان دەکرا، جەنگ بەلێدانی توووندی هێزی ئاسمانی دەستی پێ کرد. سەرەتا کەشتیەکانی ئامریکا لە کەنداوەوە موشەکەکانیان ئاراستەی فرۆکەخانەو سیستەمەکانی ڕاداری عێراق کرد. پاشان فرۆکەکان لەناویان دا فرۆکەکانی (ستیلس) کە پێشتر بۆ هەمان مەبەست هاتبوون دەست بەکار بوون.

ئەمریکا بۆ ئەوە دەستی دایە ئەو کردەوە سەربازی‌یە بەربلاوە تاکو عێراقی‌یەکان خافلْ گیر کات. بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەت مەدار و ئەفسەرە پایەبەرزەکانی ئەمریکا بەر لە دەست پێ کردنی کردەوە سەربازی‌یەکان بۆ (هێور کردنەوەی عێراق ڕایاندەگەیاند کە ئەمریکا تا مانگی کانونی دووەم ئامادەیی جەنگی تێدا نی‌یە. ئەوەش بەدوور نازانم کە ئەمریکایی‌یەکان لە ڕێگەی پیاوانی خۆیانەوە هەندێ هەواڵی لەم بابەتەیان ڕەوانەی عێراق و هەندێ وڵاتی عەرەبیش کردبێ.

بەهەرحاڵ ئەوان توانیان عێراقیەکان خافل گیر بکەن و زەبرێکی توندی لێ بوەشێنن. بەڕای من صدام حسین تا دوا سات وای زانیبێ کە هێزە فرەڕەگەزەکان هەڵناسن بەکردەوەی سەربازی. ئەمەش یەکێکی ترە لە هەڵە کوشندەکانی صدام حسین.

لە دواین سەردانم بۆ بەغدا (کەدوای دێمە سەری) بۆیان گێڕامەوە کاتێك جۆرج بۆش پێشنیاری دیداری وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵاتی کردبوو، صدام حسین ڕووی کردبووە دارو دەستەکەی‌و پێ‌ی وتبوون: مەگەر پێم نەگوتن کە سۆفیات دەیەوێ بەحەتمیەتی هەڵگیرسانی جەنگ بمانتۆقێنن. سەیر کەن ئەوەتا سینارێویەکە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەوان پێش دەکەوێ.

کەچی سیناریۆیەکە بەدڵی صدام دەرنەچوو، هەر لە یەکەم سەعاتی شەڕەکەوە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی سەرمەستی سەرکەوتنیان بوون. ئەوان توانیان هەموو سیستەمەکانی بەڕێوەبردن و پەیوەندی‌یە ئەلکترۆنی‌یەکان و فرۆکەخانەکانی عێراق تەفرو تونا بکەن و زۆربەی فرۆکەکانیشی لەسەر زەوی پەك بخەن.

هەندێك وای بۆ دەچوو کە لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕەکەدا ٨٠٪ی توانا سەربازییەکانی عێراق تێك شکاوە، بەڵام زۆری نەبرد دەستیان لەو ڕێژەیە هەڵگرد چونکە عێراق دەستی کرد بەدەرخستنی کەڵپەکانی و زیانە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانەکانیش سەریان هەڵداو موشەکەکانی عێراقیش خاکی سعودیەو ئیسرائیلی هەژاند.

ئەمانەش بوونە هۆی دروست بوونی حەساسیەت لای هاوپەیمانەکان.

عێراق گرنگیەکی تایبەتی دەدایە مووشەك باران کردنی ئیسرائیل، دەیویست ئیسرائیل ڕاکێشێتە ناو جەنگەکەوە و پێکهاتەی هێزەکانی هاوپەیمانی بگۆڕێ. صدام حسین وای دانابوو لەو حاڵەتەدا. دەوڵەتە عەرەبییەکان ناچار دەبن بێنە پاڵ عێراقەوە. لە ئیسرائیل دا شەپۆلی نارەزایی بەرز بووەوە داوایان لە حکومەت دەکرد وەڵامی هێرشە موشەکیەکانی عێراق بداتەوە. هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی ئیسرائیل ئەو کارە نەکات، بەتایبەت لەلایەن ئەمریکاوە. سۆفیاتیش زۆر بەتوندی نارەزایی خۆی بۆ موشەك باران کردنی ئیسرائیل و سعودیە دەربڕی. بەڵام ئاگری شەڕ تا دەهات زیاتر کلپەی دەسند.

لێدانی ئاسمانیو موشەك باران کردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت و عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرفراوانتر دەبوو. ئامانجی سەرەکی ئەو لێدانانە تێك شکاندنی دام و دەزگا سەربازیو کۆمپانیا پیشەسازەیەکانی عێراق بوو، کە کەل و پەلی یەدەکی سەربازییان بۆ سوپای عێراق دابین دەکرد. ئەمریکا گرنگییەکی تایبەتی دەدایە تێك شکاندنی وەزەی ناوەکیو کارگەکانی بەرهەم هێنانی کیمیایی و ناوەندییەکانی دروست کردنی چەکی میکرۆبی لە عێراق.

پاش خاپوور کردنی پرۆژەکانی عێراق، وڵاتەکانی دەوروبەر بەیەکێتی سۆفیاتیشەوە کەوتنە خۆیان و دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕادەی ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی لێدانەکەدا لە پرۆژەکانی عێراق کەوتووە. سەرۆك گۆرباچوف زانایانی بواری خزمەت گوزاری و تەکنیکی ڕاسپارد تاکو ناوچەکانی باکوری وڵات بخەنە ژێر چاودێرییەوە، چونکە ئەو ناوچانە تەنیا ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ کیلۆمەتر لە عێراقەوە دوور بوون. هاوکات تیمێك بەناوی (تیمی قەیرانەکان) لە مۆسکۆ پێك هات، ئەندامانی ئەو تیمە پێك هاتبوون

لە وەزیری ناوخۆو وەزیری دەرەوە لەگەڵ سەرۆکی ئاسایشی دەوڵەت و یاریدەدەری کاروباری سیاسییە نێو دەوڵەتی‌یەکان و من. هەروەها لە چالاکی‌یەکانی ئەم تیمەدا یاریدەدەری سەرۆك لە کاروباری رۆژنامەگەری (ئیگنا تنکو)و جێگری وەزیری دەرەوە (بیلۆنوگۆف)، بەشداریان دەکرد. دەتوانم بڵێم (تیمی قەیرانەکان) لە کۆمەڵە کەسێك پێك هاتبوو کە بە ئیشارەت لە یەکتر دەگەیشتن.

لە سێیەم رۆژی جەنگەکەدا، سەرۆك گۆرباچوف ئەندامانی (تیمی قەیرانەکان)ی کۆ کردەوە تاکو پێشنیارێك لەسەر وەستانی جەنگەکە دەرکەن. داوا لە باڵوێزی سۆفیات لە بەغدا کرا یەکسەر پەیوەندی بەصدام حسین-ەوە بکات، یان لە رێگەی وەزیری دەرەوە (تاریق عزیز) ئەم دەقەی خوارەوەی پێ بگەیەنێ.

ئەگەر بەڵێنێکی شەخسی‌مان پێ بدەن کە هێزەکانتان بێ هیچ مەرجێك لە کوەیت دەکشێننەوە، ئەوا ئێمە لای خۆمانەوە پێشنیارێك دەخەینە بەردەست ئەمریکا بۆ وەستانی شەڕەکە.

سەرۆك گۆرباچوف وەك سەرەتایەك بۆ ئەم مەسەلەیە سەرکردایەتی ئەمریکا لەم دەست پێشخەریەی سۆفیات ئاگادار کردەوە. (ئەمەشم لەبەر ئەوە باس کرد چونکە هەندێکی لەبەر نەزانین وای بۆ دەچوون کە سۆفیات لە پشتە سەری ئەمریکا خەریکی شتی ترە).

بەغدا دوو رۆژ بێ دەنگ بوو. پاشان لە رێگەی رادیۆوە رایگەیاند کە دەبێ ئەم پێشنیارە بخرێتە بەردەست جۆرج بۆش-ەوە. لەم کاتانەدا چالاکی‌یە سەربازی یەکان شێوازێکی تریان لە خۆ گرتبوو، چونکە موشەك و فرۆکەکانی هاوپەیمانەکان بەرەبەرە دەستیان کرد بەلێدانی خەڵکی سڤیل لە بەغداو شارەکانی تری عێراق. هەموو وێستگەکانی کارەبای وڵاتیان وێران کرد. پاڵاوتگەکانی ئاو راکێشانی ئاوی زێرابەکان لە کار کەوتن و هەست بەترسێکی گەورە دەکرا. لەو کاتانەدا باسی ئەوە هاتە گۆڕێ کە لۆژیکی کردەوە سەربازی‌یەکان و هەڵسوکەوتی سەربازی لەو جەنگەدا لە سنووری ئەو دەسەڵاتانە دەرچوون کە بڕیارەکانی دیاری کردبوون.

# گەشتی سێیەمم بۆ بەغدا

گەشتی ئەم جارەم بۆ بەغدا هێندە سەخت بوو لە باس کردن نایەت، بەباشمان زانی لە ڕێگەی ئێرانەوە بڕۆین ئەو ئەگەرانەشمان خستە پێش چاو کە لە کاتی هاوکاری کردنی ئێرانییەکان بۆ گەیشتن بەسەر سنووری عێراق پێشکەشمان دەکەن. لە فرۆکەخانەی تاران دا چاومان کەوت بەجێگری وەزیری دەرەوەی ئێران. ئەو دیدارەمان هاوکات بو لەگەڵ دەست پێشخەرییەکەی ئێران بۆ ئاشتی. پێش چەند ڕۆژێك جێگری وەزیری دەرەوەی سۆفیات (بیلونوگوف) سەری لە تاران دابوو. ئەم چاوپێکەوتنە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندم تاکو پێش سەردانی عێراق ئاگام لە هەڵوێستەکانی ئێران بێت. ئەو دیدارە سودێکی زۆری هەبوو. ئێرانییەکان ڕێگەیان بەفرۆکەکەمان دا تاکو لە فرۆکەخانەی (کرماشان)دا بنیشێتەوە. پاشان ئەو چوار سەعاتەی کە بەرێوە بووین بۆ سەر سنووری عێراق ئێرانییەکان پاسەوانیان کردین. لەسەر سنوور جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق – فیصل – و باڵوێزی سۆفیات لە بەغدا (یوسوفالیوك) چاوەڕێیان دەکردین. ئێوارەیەکی درەنگ بوو. زۆر بەخێرایی بەرەو بەغدا کەوتینە ڕێ. چرای ئوتومبیلەکانمان دڕیان بەتاریکە شەوەکە دەدا. پاش سەعات و نیوێك گەیشتینە بەغدا. ئوتومبیلەکانی سەرکردایەتی عێراق بەقوڕ داپۆشرابوون. پرسیارێك کەلام دروست ببوو ئەوەبوو ئایا بۆ ئەو ئوتومبیلانە لەوانی تر جیاوازن؟ ئایا شەرمەزاری نییە بۆ ئەوانەی لەو ئوتومبیلانەدا سواربوون؟!

کاتژمێر یازدەی شەو گەیشتینە هوتیلی (الرشید). ووتیان ئێرە ئارامترین شوێنە لە عێراق، چونکە ڕۆژنامە نووسە بیانییەکان، لەوانە ڕۆژنامە نووسی بەناوبانگی کۆمپانیای (C.N.N) (پیتر ئارنیت) لەوێ دابەزیبوو. ئاسانسۆر و ڕوناکی نەبوو. لە ژوورەکەمدا چرایەکی نەوتی هەبوو، ئەمەش منی لە هاوڕێیانی ترم جیادەکردەوە.

ئارامییەکی زۆر باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشابوو. هێرشی ئاسمانی کە زۆر جار لەم کاتانەدا دەستی پێ دەکرد، ئەمشەو دەنگی نەبوو ئەو ڕۆژنامە نووسانەی کە بۆ کات بردنە سەر هاتبوون بەگاڵتەوە دەیانووت: ماوەیەکی

زیاتر لێرەبن، تاکو هێرشی ئاسمانی نەکرێ. ئەم قسەیەیان جۆرێك بوو لە حەسوودی، چونکە پاش سەعاتێك دەنگی ئاژیری هاتنی فڕۆکەکان بەرز بووەوە. ئەوە دوو شەوەی کە لەوێ بووم بەشاهیدی ئەوانەی بینیمن توندوتیژترین هێرشی ئاسمانی کرایە سەر شاری بەغدا.

له درەنگ وەختێکدا پێیان ڕاگەیاندم کە دانیشتنەکەمان لەگەڵ تاریق عزیز-دا یازدەی پێش نیوەڕۆیە. بارەگای بالۆیزی ولاتەکەمانی بۆ جێگای دیدارەکە دیاری کردبوو. هێشتا بەرەسمی دیدارەکەمان دەستی پێ نەکردبوو، کۆمەڵێ تۆمەت ئاراستەی یەکێتی سۆفیات کرا. بەوە تاوانباریان کردین کە سیاسەتەکانمان (چرای سەوزی) بۆ U.N هەڵکردەوە تاکو لە دژی عێراق شەڕ بکات.

بەتاریق عزیز-م ووت باهەندێ لە باخچەکەدا پیاسە بکەین. تا کۆتایی دیدارەکە قسەکانمان بەتوندو تیژی ئاراستەی یەکتری دەرکرد. هەستم کرد تاریق عزیز بۆیە بەم جۆرە قسەم لەگەڵدا دەکات تاکو ئاستی هاوکاری ئێمەو ئەمریکاو ولاتانی ناو هاوپەیمانی بۆ دەرکەوێ...

بەتاریق عزیزم ووت عێراق هەڵە لەدوای هەڵە دەکات و دەیەوێ شتێ بپارێزێ کە لە توانادا نیەو خۆی دەکاتە ئەو (داوە)ی کە هەرگیز ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات. وەك نمونە ئەو هەواڵەم بۆی گێڕایەوە کەم باس لەوە دەکات گوایە عێراق بەنیازە فڕۆکەوانە دیلە ئەمریکایی‌یەکان و نوێنەرانی ئەو ولاتانەی کە لە هێزە هاوپەیمانی فرە ڕەگەزیدا بەشدارن، لەم دام و دەزگا ستراتیژی‌یەکانی خۆی دابنێت. ئەم کارەش واتا پێشێل کردنی پەیماننامەی-جنێف-. کەچی تاریق عزیز تۆمەتی زیاتری خستەوە پاڵمان. پێم ووت نەهاتووین تاکو گوێ لە قسەی ئێوە بگرین. ئەگەر صدام-یش دەیەوێ هەر ئەم قسانەم لەگەڵدا بکات، ئەوا من پێویستم بەو قسانەی ئەو نی‌یە؟

ئێوارەی ئەو ڕۆژ لەگەڵ صدام حسین-دا کۆبووینەوە. ئێمە خۆمان دانابوو تاکو لە پەناگایەك یان لە دەرەوەی بەغدا لەگەڵیا دابنیشین، بەلام هەموو شتێك ئاسایی بوو. بردینیان بۆ میوانخانەیەکی ناوەڕاستی بەغدا. سەرەتا وامان بەخەیاڵدا هات کە لێرەوە گرد دەبینەوەو پاشان بەژێر زەمینەکەیدا دەچین بۆ جێگای کۆبوونەوەکە، بەلام لەناکاو مەولیدەیەکی کارەبا کەوتە کارو

ژوورەکەی ڕووناك کردەوە، صدام و هەموو سەرکردایەتی عێراق گەیشتنە لامان. لە تەنیشت سۆپایەکی نەوتی‌دا دانیشت و پالتۆ سەربازی‌یەکەی لەبەر کەند وەك هەموو جارێك ئەو پشتێنەی کردەوە کە دەمانچەکەی پێوە بوو. لاوازتر دەهاتە پێش چاووم. دوای دواین دیدارمان پازدە بۆ بیست کیلۆی کەم کردبوو. بەڵام سیمای ئارام و هێمن بوو. کە دەستی کرد بەقسەکردن بەگلەیی کردن لە سۆفیاتەوە دەستی پێ کرد. بەئەنقەست هەندێ ووشەی بەکار دەهێنا تاکو ئێمە (پتەوی) هەڵوێستی عێراقی بزانین. ئەوشێوازی ئاخاوتنی صدام لەبەر ئامادەبوونی داورودەستەکەی بوو. چونکە هەستم دەکرد قسەکانی ئاراستەی ئەوان دەکات نەك من. پێم ووت دەمەوێ بەتەنیا پێکەوە دانیشین. کە دوو بەدوو بوین بێ دوو دڵی پێم ووت: ئەمریکا دەیەوێ هێرشێکی زەمینی بەربلاو بکاتە سەرتان و هەموو هێزەکانی ناو کوەیت تەفرو تونا بکات. لێم دەگەی، تەفرو تونا؟ پێم ووت: سیاسەت هونەری توانایە. پاشان لەسەر داخوازی گورباچوف ئەم پێشنیارەم خستە بەردەستی: دیاری کردنی نزیکترین مۆڵەت بۆ کشانەوە لە کوەیت. کشانەوەکەش بەمسۆگەری دەبێ.

لێرەوە بۆ جاری یەکەم گۆڕانێکی ڕاستەقینە ڕوویدا. صدام دەستی کرد بەپرسیار کردن لەسەر ناوەڕۆکی مەسەلەکە: دڵنیام دەکەن کە لەکاتی کشانەوەکەدا تەقەمان لێ ناکەن، ئایا پاش کشانەوەمان هێرشە ئاسمانی‌یەکان دەوەستێت؟ ئایا ئەو سزا ئابووری‌یانەی کە لەکاتی ڕازی نەبوون بەکشانەوە لەکوەیت بەسەر عێراق سەپاندوویانە پاش کشانەوەکە هەڵدەگیرێ؟. لەهەمان کات دا صدام دەیویست بزانێ کە ئیمکانی گۆڕینی ڕژێمی کوەیت هەیە؟ لەوەڵامدا پێم ووت: دەبێ هەموو شتەکان وەك پێش دووی ئابی لێ بێتەوە.

صدام لێی پرسیم دەتوانم ماوەیەکی زیاتر لە عێراق بمێنمەوە. چونکی دەبوایە لەگەڵ هاوڕێیانی سەرکردایەتی‌دا قسە بکات. لەبەر ئەوەی وەڵامەکەم دوا نەکەوێ ووتم: ناتوانم زیاتر بمێنمەوە. دەبێ سبەی کاتژمێر شەشی بەیانی لەسەر سنوور بم. صدام بڕیاری دا هەر ئەو شەوە سەرکردایەتی عێراق ڕاوێژی خۆی بکات. ووتی دوای چەند سەعاتێکی تر بەتاریق عزیزدا وەڵامەکەت بۆ دەنێرمە باڵوێزخانەکەتان و نوێنەری سەرۆك کۆماری عێراقیش بۆ درێژە پێدانی کۆبوونەوەکانمان دەگاتە مۆسکۆ. (هێلی تەلەفۆن لەبەر هێرشە

ئاسمانی‌یەکان پچرابوو). صدام بەبێ دەنگی گوێی بۆ قسەکانم شل کرد. پێم ووت: زەمانە بەزەیی بەکەس دا نایەتەوە تادەتوانی کورترین ماوە دانێ. وەلامی ئەو داخوازی‌یەمی نەدایەوە سەبارەت بەواز هێنان لە موشەك باران کردنی خەڵکی سڤیلی ئیسرائیل. پێم ووت ئەگەر بەردەوام بن هێرشەکان دژی عێراق لەپاڵ شتەکانی تردا هەر بەدەوام دەبێ.

پاش دوو سەعات ئێمە لە نهۆمی دووەمی باڵوێزخانەکەمان دانیشتبووین. زۆربەی ئەو سیازدە کەسەی کە لەکاتی شەڕەکەدا لەبەغدا مابوونەوە لەوێ بوون. ئەو پیاوە بەجەرگ و زیرەکانە تەحەمولی هەموو ناخۆشیو ڕەزاڵەتەکانی ژیان لە بەغدا یان بێ گلەیی کردن قەبول کرد. توانیان بەرگەی بێ کارەبایی بێ ئاوی و سەرمای سەختی بەغدا بگرن (بەغدا لەو کاتانەدا زۆر سارد دەبێ‌و بەیانیان ئاوەکان دەیبەستن). بەنزینیش دەست نەدەکەوت. دلۆپ دلۆپ کۆمان دەکردەوە، نەك بۆ گەرم کردنەوە یان ڕووناك کردنەوە، بەڵکو بۆ خستنە کاری ئەو موەلیدەیەی کە کارەبای بۆ ئامێری بێ‌سیمەکان دابین دەکرد تاکو پەیوەندی‌یمان لەگەڵ مۆسکۆدا هەبێ. ئەو سیازدە کەسە کە خۆ بەخشانە لەوێ مابوونەوە، بەردەوام بوون لەراپەڕاندنی ئەرکەکانیان، هەرچەندە زۆربەی ژیانینان لەناو بۆری‌یەکی مەعدەنی‌دا دەبردە سەر کەتیرەکەی تەنیا دوو مەتر بوو و بەخۆڵ داپۆشرابوو. حەتمەن نابێ بۆری بکرێتە پەناگا، بەلام هاورێیانی بەغدام دەیانگوت لەپارچەی تۆپ دەیانپارێزێ.

(فیکتۆر یۆسۆفالیوك) ڕێبەرێکی ڕاستەقینەی ئەو خێزانە بچووکە چالاکە بوو. مەسەلەکە تەنیا بەکارکردنەوە نەدەوەستا، لەو بۆری‌یەدا- یوسوفالیوك -م دەبینی کە گیتارێکی بەدەستەوە بوو خەریکی چرینی گۆرانی بەسۆز بوو.

شەوی ١٣-ی شوبات لە سەعات دووشەو تاریق عزیز گەیشتە ئەو ژوورەی کە لە نهۆمی دووەمی باڵوێزخانەکەدا کردبوومانە بارەگای تایبەت. لەگەڵ خۆی‌دا بەیاننامەیەکی دەست نووسی هێنابوو. تێدا نووسرابوو:

سەرکردایەتی عێراق بەوپەڕی ڕاستگۆیی‌یەوە لەو مەسەلانە دەکۆڵێتەوە کە نوێنەری تایبەتی سەرۆك کۆماری یەکێتی سۆفیات خستونیە ڕوو، لە نزیك ترین کاتیشدا وەلامی دەدەینەوە.

تاریق عزیز ووتی یەك شەممە دەگەمە مۆسكۆ. چواردە سەعات بەڕێوە بووین تاكو گەیشتینەوە مۆسكۆ. لە فرۆكەخانەكەدا ژمارەیەكی زۆر رۆژنامەنووسی سۆفیاتی چاوەڕێیان دەكردین.

بێ ئەوەی ئاگادارم لەو قسانە بێت كە (ئیگان تینكۆ)ی یاریدەدەری سەرۆك بۆ كاروباری رۆژنامەنووسی كە بەپشت بەستن بەبروسكەكەی من لە بەغداوە وتبووی (هەندێ بەڵێن دراوە)، منیش لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسەكان دا هەمان ئەو قسەیەم كرد. وەزارەتی دەرەوەی سۆفیاتیش لە رێگەی خۆیەوە هەموو ولاتانی لە ئەنجامی سەردانەكەی ئێمە ئاگادار كردەوە.

## پلانەكەی گۆرباچوف

لە ١٥-ی هەمان مانگ، واتە دوو رۆژ پێش گەیشتنی تاریق عزیز بۆ مۆسكۆ، رادیۆكانی بەغدا بەرنامەكانی وەستاندو بەیاننامەیەكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی خوێندەوە. بەپێی ئەو بەیاننامەیە عێراق ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ جێ بەجێ كردنی بڕیاری ٦٦٠-ی ئەنجومەنی ئاسایش و بێ هیچ مەرجێك لە كوەیت دەكشێتەوە. بەڵام نامەكە بەكۆمەڵێ دروشمی بریقەدار رازاندرابووەوە كە بەڵێنی بەردەوام بوون لە شەڕ تاكو سەركەوتنی دابوو. هەروەها لیستی كۆمەڵێ گرفتی تێدابوو كە دەبێ لە ئایندەدا چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، وەك كێشەی فەلەستین، كشانەوەی هێزە ئەمریكایییەكان و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق و كشانەوەی ئیسرائیل لەو زەوییانەی كە داگیری كردوون.

بەیاننامەكە بەجۆرێك داڕێژرابوو هەست نەكرێ عێراق بەرەو تەسلیم بوون دەچێ. بەڵام چ ئەوانەی حەز دەكەن عێراق لە ((گورزی كاریگەر)) رزگاری نەبێ، و چ ئەوانەی بڕوایان بەعێراق نەبوو چاك لەم بەیاننامەیە تێ گەیشتن. ئەو كاتەی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی دەقی بەیاننامەكەیان پەسەند نەكرد راستی ئەو قسانە دەركەوتن.

ئێوارەی ١٧-ی مانگ تاریق عزیز بەفرۆکەیەك کە پێشتر چووبـووە تـاران گەیشتە مۆسکۆ. من لە هەر دوو دانیشتننەکەدا ئامادە بووم. یەکەم دانیشتن لە سەعات نۆی بەیانی ڕۆژی دواتر لەگـەڵ وەزیـری دەرەوە (بسـمیرتینیخ)دا کـراو ئەوی تریش لە سەعات دەو چل و پێنج دەقە لەگەڵ سەرۆك کۆمـار گۆربـاچوف دابوو.

تاریق عزیز وتی هەرچەندە عێراق گـورزی کاریگـەری بەرکـەوتووە، بـەڵام بـەهیچ جـۆرێ تەسـلیم نـابێ‌و سـورە لەسـەر ئـەم مەسـەلەیەش، بـەڵام ئەگـەر دەرفەتێك بۆ ئاشتی هـەبێ ئـەوا ئامـادەین بێیـنە پێشـەوە. دیـار بـوو سـەرۆك گۆرباچوف دەیویسـت عـێراق بـێ هیـچ مـەرجێك لـە کوەیـت بکشـێتەوە. گۆرباچوف وتی: هەڵوێستەکانتان لەگەڵ یەکدا ناکۆکن. ئێوە لەلایەك بڕیاری (٦٦٠) قەبووڵ دەکەن کە داواتـان لێ دەکـات بـێ هیـچ مـەرجێك لـە کوەیت دەرچن، کەچی لەولاوە مەرج بۆ کشانەوە دادەنێن، ئەمەش پەسەند نـاکرێ. زۆر مەسەلەی گرنگتان خستوەتە ڕوو، بەڵام کە دەیبەستنە کشانەوەتان لە کوەیـت، ئەوکاتـە کـەس قـەبوڵیان ناکـات. ئـەو هەڵوێسـتانەتان دۆخێکـی وای دروسـت کردووە کە بەکارهێنانی هێزو بە بـەرفراوان کردنـی ببێتـە تاقـە ڕێگـە. تـاریق عزیز دانی نا بەوراستی‌یەدا کە ئەو لیسـتانە مـەرج نـین بـۆ کشـانەوە، بـەڵکو دەکرێ ببێتە پرۆگرامێك تاکو لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێ.

لێرەدا گۆرباچوف بەتێبینیەوە پرسی:

بۆ لە بەیاننامەکەتان دا کاتێك باس لە کشانەوە دەکەن ووشەی (کوەیت)ی تێدا نی‌یە؟

تاریق عزیزیش پرسیاری لەسەر تێگەیشتنی ئێمـە کـرد بـۆ مەسـەلەی ئـەو پرۆسەی ئاشتیەی کە دەتوانێ ئاشتی‌یەکی شەرەف مەندانە بۆ عێراق تێدا بێ.

سەرۆك گۆرباچوف لەوەڵامی‌دا داوای لەسەرکردایەتی عێراق کرد تاکو ئـەم پلانە جێبەجێ بکەن:

عێراق کشانەوەی هەموو هێزەکانی لـە کوەیـت ڕاگەیـەنێ. (کوەیـت، نـەك کشانەوەی گشتی). بۆ کشانەوەکەش کورت ترین کات دیاری بکرێت. جگە لـە مسۆگەرکردنی گورز نەوەشاندن لەو هێزانە کە لە (کوەیت) پاشەکشـە دەکـەن هیچ مەرجێکی تر دانەنرێت.

جگە تاریق عزیز، سعدون الحمادی جێگری سەرۆك وەزیران ئامادەی دانیشتنەکان بوو. سەرۆك گۆرباچوف رووی کردە تاریق عزیزو پێی ووت:

ئێستا کات زۆر بەنرخە، ئەگەر خۆتان بەدڵسۆزی گەل و وڵاتەکەتان دەزانن دەبێ هەر ئێستاکە هەڵوێست بنوێنن. لە وەڵامدا ووتیان:

ئەوان بەشێکن لە سەرکردایەتی عێراق و لەسەریانە هەموو شتەکان بگەیەنن بەصدام حسین.

پاش ئەم دانیشتنە گۆرباچوف بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ سەرۆك بۆش و ژمارەیەك لە سەرۆکەکانی ئەوروپادا کرد. پاش شی کردنەوەی ئەو پێشکەوتنانەی کە هاتوونەتە پێشەوە، داوای لێ کردن ئەو مەسەلانە لە کاتی دارشتنی نەخشەی نوێی سەربازی لەبەر چاوبگرن، بەتایبەت ئەو کردەوانەی کە لەوانەیە زیانی گیانی لە دواوە بێت. هەست دەکرا مەسەلەکان بەتێگەیشتنەوە وەرگیراون.

دوای وتووێژەکان تاریق عزیز لەرێگەی ئێرانەوە گەرایەوە بۆ عێراق. رۆژان هاتن وچوون، سەعات لەدوای سەعات، ئێمە هەر لە چاوەروانی وەڵامی عێراق دا بووین. هەر لەو کاتەدا لەدەزگا رەسمی یەکانی ئەمریکاوە هەندێ هەواڵ دەزەی کردە ناو رۆژنامەکانی ئەمریکاوە، گوایە سەرۆك گۆرباچوف داوای لە ئەمریکا کردووە سەربازی یە زەمینی یەکانی تا دوای وتووێژەکانی لەگەڵ عێراق دا راگرێ. ئێوارەی ٢١-ی شوبات تاریق عزیز لە سەعات هەشت و پازدە دەقیقەدا لەتارانەوە بەرەو مۆسکۆ کەوتەرێ. هێشتا جیهان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ئەو ووتارە بوو کە صدام حیسن بەو تازەیە لە ئێزگەکانی بەغداوە خوێندبوویەوە.

وتارێکی پڕ لە هەڵچون و دژ بەیەك بوو. جارێکی تر هەموو هەرەشەو گورەشەکانی پێشووی لەزار دەرچوو. هەستم دەکرد هەندێ برگەی قسەکانی بۆ ((استهلاکی ناوخۆ))ی و رێگە خۆشکەری بریاری جیدی ترن. بەم جۆری بەوپەری بێ ئارامی یەوە چاوەروانی دانیشتن بووین لەگەڵ تاریق عزیز دا. تەنانەت گۆرباچوف کۆشکی (کرملین)ی بەجێ نەهێلاو چاوەروان ما. لە سەعات دوازدەی شەودا هەر لە فرۆکەخانەوە تاریق عزیز و وەفدەکەی بران بۆ کۆشکی (کرملین) وتووێژەکان تا سەعات سێی شەوی ٢٢-ی شوباتی

خایاند. باس لە گەڵیَ بابەت کرا. لەهەمووی گرنگ تر ئەوە بوو کە عیَراق ڕازی‌یە بەبڕیاری ٦٦٠و ئامادەیە هەموو هیَزەکانی لە کوەیت بکشیَنیَتەوە، بەڵام وتیان ناتوانین لەماوەیەکی کورت دا ئەو کارە جیَبەجیَ بکەین، چونکە سوپایەکی زەبەلاح ناتوانیَ بەو ئاسانی‌یە پاشەکشە بکات بەتایبەت ئەگەر هەموو ڕیَگاو بان و پردەکان تیَك چووبوون.

سەرەتا (٣تا ٤) مانگیان بۆ کشانەوەی هیَزەکان دیاری کرد. پاشان کورترین ماوە دیاری کرا کە شەش هەفتە بوو. کە پیَمان وتن ئیَوە بەچەند سەعاتیَك ئەو هەموو هیَزانەتان بردوەتە کوەیتەوە، تاریق عزیز وتی: سەرەتا تەنیا دوو تیپ چوونە ناوەوەو دواتر لەماوەی دواتر لەماوەی حەوت مانگ دا ٥٠٠ هەزار سەربازمان لەویَ کۆ کردەوە. ئەمانەش لەگەڵ یەکەکانی پاڵپشت و یارمەتی‌و ئامیَرەکان دا. گۆرباچوف وتی: چی دەتوانریَ بکریَ تاکو ماوەکە کورت بکریَتەوە. لەکۆتایی‌دا بیَ ئەوەی بگەینە هیچ ڕیَکەوتنیَك دانیشتنەکەمان بۆ سبەی دوا خست. پاشتر عیَراقی‌یەکان شیَوازیَکیان پیَشنیار کرد مل کەچی عیَراقی تیَدا نەبوو بۆ کشانەوە لە کوەیت.

کاتمان بەدەستەوە نەبوو، ڕۆژنامەنووسەکان هەڵپەی دەستەکەوتنی هەواڵیان بوو، لە کاتژمیَر ٣,٣٠دەقیقەی بەیانی (ف- ئیگناتینکو) دیداریَکی ڕۆژنامەنووسی سازدا. سەنتەری ڕۆژنامەنووسان جمەی دەهات لە ڕۆژنامەنووس و پەیامنیَرو کۆمپانیا تەلەفزیۆنی‌یە جیهانی‌یەکان و بەتاسەوە چاوەڕوان بوون.

پاش ماوەیەك یاریدەدەری سەرۆك بۆکاروباری ڕۆژنامەنووسی دەرکەوت و ئەو خالانەی باس کرد کە تا ئەو کاتە وتوویَژی لەسەر کرابوو. ئەوەشی ووت کە هیَشتا ئەو خالانە قسەی لەسەر دەکریَ و بەهیوای پیَشکەوتنی زیاترین. ڕۆژنامەنووسەکان بەچەپلە پیَشوازی‌یان لە قسەکانی (ف- ئیگانا تنیکو) کرد. زۆر بەخیَرایی هەواڵەکەیان گەیاندە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. ئالیَرەوە گەش بینی‌یەك باڵی بەسەر جەولەکەدا کیَشا.

دوای سەعات سیَ سەرۆك گۆرباچوف پەیوەندی کرد بەسەرۆك (بۆش)ەوە سەعات و نیویَك لەگەڵ یەکدا ئاخاوتن. لەو کاتەدا منیش لەویَ دانیشتبووم. (بۆش) سوپاس و پیَزانینی خۆی بۆ هەوڵەکانی سەرۆك (گۆرباچوف) دەربڕی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گومانی خۆی بۆ گۆڕانی لە هەڵویَستی عیَراق دەربڕی.

هەروەها نیگەرانی بۆ چارەنووسی ئەو دیلانەی کە لەژێر دەستی عێراق دان پیشان دا... جگە لەوانە سەرۆك (بۆش ناڕەزایی هەبوو لەسەر ئەو ماوەیەی کە عێراق بۆ کشانەوە دیاری کردبوو، وتیشی ئەو ماوەیە زۆر درێژە.

گۆرباچوف-یش پشتی بەو بەڵێنەی تاریق عزیز قایم بوو کە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد گوایە عێراق بڕیاری کشانەوەی دەرکردوەو خەریکی جێبەجێ کردنیەتی. لە کۆتایی پەیوەندی‌یە تەلەفۆنی‌یەکەدا، هەردولا پابەند بوونی خۆیان بۆ کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی دەربڕی. هەر لەو پەیوەندی‌یەدا باس لە گەشەسەندن و پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان ئەمریکاو سۆفیات کرا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نێو دەوڵەتی مۆدێرن، وە لە کۆتایی دا بەڵێنیان دا پەیوەندی‌یەکان بەردەوام بێت.

سەرۆك گۆرباچوف، هەرکە تەلەفۆنەکەی داخست پێی ووتین: پاش چەند سەعاتێکی تر وتووێژەکان دەست پێ دەکەنەوە. ئێوە لەوێ گرنگی‌یەکی تایبەت بدەنە قسەکانی سەرۆك (بۆش).

دوای چەند سەعاتێك، لەبالاخانەی پێشوازی کردنی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی سۆفیات جارێکی تر بەئامادەبوونی من و ئەلکسەندەر بسمیرتنیخ و ئا. بیلونوگوف و تاریق عزیز و هاوەڵەکەی وتووێژەکان دەستی پێ کردەوە. (ئەو شەوە نەخەوتین).

پرۆسەی نزیك کردنەوە هەڵوێستەکانی زۆر دژوار بوو، هەر بڕگەیەك سەعاتێك وتووێژی دەویست. (پاش فشاری ئێمە) ماوەیەك بۆ ئازاد کردنی دیلە ئەمریکایی‌یەکان و ئەوانی تر دیاری کرا. عێراقی‌یەکان بیانووی تەکنیکی سەختیان دەهێناوە، بەلام لەبەر پێداگرتنی ئێمە بڕیار درا سێ ڕۆژ دوای وەستانی شەڕ ئەوانیش ئازاد بکرێن.

ماوەیەکی زۆر لەسەر ماوەی کشانەوەی هێزەکانی عێراق قسە کرا. عێراقی‌یەکان دەیانووت تەنیا بەشەش هەفتە دەتوانین هێزەکانمان بکشێنینەوە، چونکە ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوان مەسەلەیەکی تەکنیکی‌یە. لەهەمان کات دا دەبوایە کاتی هەڵگرتنی گەردەلوول و ڕەشەباش لەبەر چاو بگیرێن. (ئەمریکایی‌یەکان وای بۆ دەچوون عێراقی‌یەکان بۆیە دەیانەوێ ماوەکە درێژ بکەنەوە تاکو دۆخێکی لەو جۆرە دروست بێ).

پێشنیارمان کرد پاش ئاگربڕ لەچوار ڕۆژدا عێراق لە شاری کوەیت بکشێتەوە. هەروەها وتووێژ کردن لەسەر مەسەلەی هەڵگرتنی بڕیاری گەمارۆی ئابووری سەر عێراق بگرەو بەردەیەکی زۆری لەسەر کرا. تاریق عزیز دەیوت ئەو بڕیارانە کاتێك دراون عێراق ڕازی نەئەبوو بڕیاری ٦٦٠ قەبوڵ بکات، ئێستا کە ئامادەیە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات؛ کەواتە هەموو بڕیارەکانی پاش ئەو بڕیارە لەڕووی یاساییەوە کۆتاییان دێت. ئێمە بەو قسانە ڕازی نەبووین، بەڵام تاریق عزیز ووتی من ناتوانم لەو (بازنەی) کە بۆم دیاری کراوە دەرچم. پێمان ووت:

- هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارانە لە توانای ئەنجومەنی ئاسایشە.

ئێمە تەنیا دەتوانین قسە لەسەر هەڵوێستی خۆمان بکەین.

لە کۆتایی دیدارەکەدا شەش خاڵ هاتە بەرهەم. (لەکاتی خۆیدا ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە). ئەمانەش خاڵە گرنگەکانیەتی: (عێراق ئامادەیە بڕیاری ٦٦٠-ی ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ بکات بۆ ئەو ناوچانەی کە بەر لە دووی ئاب-ی ١٩٩٠ لیێ بوو).

تەقەلایەکی زۆرمان دا تاکو تاریق عزیز لەسەر ئەم بڕیارە پاشگەز بکەینەوە: (دەبێ پاش کشانەوەی عێراق لە کوەیت هەموو ئەو بڕیارانە هەڵبوەشرێتەوە کە لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوون. چونکە هۆکاری دەرچوونی ئەو بڕیارانە نەماوە).

تاریق عزیز دەیوت ئەم مەسەلەیە پێویستی بەڕەزامەندی سەرکردایەتی عێراق بەتایبەت صدام حسین-ەوە هەیە، گومانیشی لە ڕازی بوونی ئەوان نەبووە.

تاریق عزیز پێشنیاری کرد لەگەڵیا بچم بۆ بەغدا و چاوم بەصدام حیسن بکەوێ. پێمان ووت کاتمان بەدەستەوە نییەو باشتر وایە هەرلێرەوە پەیوەندییان پێوە بکەن. بەڵام بەچی ئەو پەیوەندیبە بکەین؟ هیللی تەلەفۆن پچرابوو، تاریق عزیز ووتی دوای قەسف کردنی وێستگەی پەیوەندییەکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، پەیوەندی هەردوو وڵات پچڕاوە. بەتاریق عزیزمان ووت لە ڕێگەی بێسیمەکەی ئێمەوە بەشفرەی عێراقی لەگەڵ سەرکردایەتی خۆتان دا

پەیوەندی بکە. هەر لەم ڕێگــەوە ســەرکردایەتی عێراقیمـان لەسـەر هـەر شـەش خاڵەکە ئاگادار کردەوە.

## کۆتایی دراماکە

ســەعات حـەوتی بـەیانی سـەرۆك بـۆش عــێراقی ئاگـادار کـردەوە کـەدەبێ لەماوەی هەفتەیەك دا هێزەکـانی لـە کوەیـت بکشـێنێتەوە، بەمــەرجێ لـە ٤٨ سەعاتی یەکەم دا شاری کوەیت چۆڵ کات. کشانەوەکەشی لە سەعات دوازدەی نیوەڕۆی ۲۳-ی شوبات بەکاتی نیویورك دەسـت پـێ بکـات. بـەم جـۆرە پەنجە خرایە سەر پەلەپیتکەی ئاگری شەڕ هەڵگیرسان.

لێرەش دا ڕووداوەکان بەم جۆرە پێش کەوتن:

لە کاتژمێر دوو شـەوی ۲۳-ی شـوبات مۆسـکۆ، ۲۲-ی شـوبات بـەکاتی واشنتن، صدام حسین وەڵامی بروسکەکەی تاریق عزیزی بەئیجابی دایەوە.

لە ۲۳-ی شوبات سەعات دوازدە و پێنج دەقیقە لە ناوەندی ڕۆژنامەنووسی سـەر بـە وەزارەتـی دەرەوەی سـۆفیات، تـاریق عزیـز لــە کۆنگرەیــەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند کە عێراق ڕازی بووە بەبێ مەرج لە خاکی کوەیت پاشەکشە بکات.

عزیز وتی: دانەنانی مەرج وەڵامە بۆ داخوازیەکانی سـەرۆك بـۆش. دوای ئەوە یەکسەر مۆسکۆی بەجێ هێشت.

سەرۆك گۆرباچوف دەستی دایە کارێکی سیاسی بێ وێنەی بەربڵاو. سـەرەتا بروسـکەیەکی کـرد بـۆ هـەموو سـەرکردەکانی ئـەو وڵاتانـەی کـە ئـەندامی ئەنجومـەنی ئاسایشـن. بەوەشـەوە نەوەسـتا، بەتەلــەفۆن قسـەی لەگـەڵ ئـەم سـەرکردانەدا کـرد، میجـەر سـەرۆك وەزیرانـی بـەریتانیا، ئـەندریۆتی سـەرۆك وەزیرانی ئیتالیا، فرانسوا میتران سەرۆکی فەرەنسا، حسـنی المبـارك سـەرۆکی میسر، ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئێران، حـافظ الاسـد سـەرۆکی سـوریا، هیلمۆت کۆل ڕاوێژکـاری ئـەڵمانیاو ت. کـایفۆ سـەرۆك وەزیرانـی ژاپـۆن. لـەکۆتایی دا

جارێکی تر پەیوەندی کردەوە بە جۆرج بۆش-ەوە. هەر پەیوەندی‌یەك شێوازێکی تایبەتی هەبوو. گۆرباچوف ئەمانەی دووپات کردەوە:

- دوای ئەوەی عێراق رازی بوو بەکشانەوەی بێ مەرج لە کوەیت، بارێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە و نابێ نادیدەبگیرێ.
- ئەم تەقەلانەی سەری نەدەگرت ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەك هەڵوێستی بەرامبەر عێراق نەدەنواندو دژی داگیرکردنی کوەیت نەدەوەستا.
- رازی بوونی عێراق بەوەی هێزەکانی لە کوەیت دەکشێنێتەوە، رێگەی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە لە رێگەی دپلوماسی‌یەوە خۆش کرد.

لەکاتی پەیوەندی‌یەکان دا سەرۆك گۆرباچوف داوای لەو سەرکردانە کرد تاکو کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایش ساز بدەن؛ بۆ ئەوەی وتووێژ لەسەر بڕیارەکەی عێراق و داخوازی‌یەکانی ئەمریکا بکرێت و لەیەك دوو رۆژدا جیاوازی‌یەکانی هەردوولا بخرێتە لاوە.

بەرەبەیانی ٢٤-ی شوبات سەرۆك بۆش رایگەیاند فرمانی دەست پێ کردنی هێرشی زەمینی داوە. لە سەعات دوازدەو چل دەقیقەی شەوی ٢٦-ی شوبات تاریق عزیز هاتە باڵوێزخانەی سۆفیات لە بەغداو پاڕایەوە تاکو نامەیەکی صدام حسین بگەیەنە سەرکردایەتی یەکێتی سۆفیات. صدام لەو نامەدا کشانەوەی هێزەکانی عێراقی لە خاکی کوەیت ڕاگەیاند ئەوەشی باس کردبوو کە کشانەوەکە لە کەمترین کات دا ئەنجام دەدرێ. سەرۆکی عێراق پاڕابووەوە تاکو بەزووترین کات ئاگر بڕ ڕابگەیەنرێ. باڵوێزی سۆفیات لە بەغدا دەقی بروسکەکەی ڕەوانەی مۆسکۆ کردو سەرۆك گۆرباچوف-یش باڵوێزمانی لە واشنتن ڕاسپارد تاکو دەقی بروسکەکەی صدام حسین بدات بەبەڕێوەبەرایەتی ئەمریکا.

شەوی ٢٥لەسەر ٢٦-ی شوبات (بەکاتی نیویورك- نیوەڕوێ ٢٦ شوبات بەکاتی مۆسکۆ) لەسەر داوای سۆفیات ئەنجومەنی ئاسایش کۆبووەوە. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە عێراق ڕایگەیاند کە هەر ئەمڕۆ هێزەکانی لە کوەیت

دەکشێنێتەوە. دواتر (ف. ئیگناتینکو) دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی سازداو وەڵامی ئەم پرسیارانەی داوە:

- بۆ عێراق پێشتر لە مۆسکۆ پەردەی لەسەر هەموو ئەگەرەکانی بەردەستی لانەدا؟
- (ئیگناتینکو) ووتی: لە وتووێژەکانمان لەگەڵ تاریق عزیزدا داوامان لێ کرد هەموو شتێ (بخاتە سەر مێزی وتووێژ)، بەڵام وەك باوە لە عێراق دا تەنیا صدام حسین دەسەڵاتی ئەوەی هەیە.
- شەوی ٢٦/٢٧ی شوبات بالوێزی بەغدامان بانگ کرابوو بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لەوێ سعدون الحمادیو تاریق عزیز لە چاوەڕوانی دابوون. زۆری لێ پاڕابوونەوە تاکو لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆمانەوە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش لەو بڕیارەی عێراق ئاگادار کەینەوە کە دان بەجێبەجێ کردنی بڕیاری ٦٦٠-ی ئەنجومەنی ئاسایش دادەنێ. لەهەمان کات دا ڕەزامەندی خۆیان بۆ هەردوو بڕیاری ٦٦٢و ٦٧٤ پیشان دا. یەکەمیان داوای گەڕانەوەی شەرعیەت دەکات بۆ کوەیت و دووەمیش دەبێ عێراق زیانەکانی کوەیت قەرەبوو بکات.

ئەم بروسکەیە لە کاتی کۆبوونەوەکان دا گەیشتە ئەنجومەنی ئاسایش. لە ٢٧-ی شوبات ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش داوایان لە سۆڤیات کرد تاکو لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە داوا لە عێراق بکات هەموو بڕیارەکانی پەیوەندی دار بەقەیرانی کوەیت (بێ هیچ جیاوازییەك) جێبەجێ بکات. دوای چەند سەعاتێك لەناردنی ئەم پەیامە، سەرکردایەتی عێراق پابەند بوونی خۆی بۆ جێبەجێ کردنی تێکڕای بڕیارەکان پیشان دا. ئەوکاتەش هەموو هێزەکانی عێراق لە کوەیت دەرچووبوون.

شەوی ٢٨-ی شوبات، سەعات دوو چل و پێنج دەقیقە (جیمس بیکەر) تەلەفۆنی کرد بۆ (ئەلکسەندەر بسمیرتینیخ) و پیی وتبوو: لەبەر ئەوەی عێراق ڕەزامەندی خۆی بۆ جێ بەجێ کردنی تێکڕای بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەربڕیوە، ئەوا ئەمریکاش بڕیاری دا کردەوە سەربازییەکانی خۆی بوەستێنێ.

بەم جۆرە قۆنـاغێکی زۆر ئـاڵۆزو ترسـناك چارەسـەر کـرا، قۆنـاغی یـەکلا کردنـەوەی قـەیرانی کوەیت. دەنگـی تۆپـەکان کـپ بوونـەوەو کـاتی ئەوەیـە سیاسەتمەداران قسەی یەکلاکەرەوەی خۆیان بکەن.

## کۆتایی

## سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانەی کە هاوکارییان کردووم

- ❖ بەڕێز کاك مەلا بەختیار
- ❖ بەڕێز شێخ محەمەد شاکەلی
- ❖ بەڕێز مامۆستا جەلال پارێزگاری کەرکوك
- ❖ بەڕێز مامۆستا رزگار کەرکوکی
- ❖ بەڕێز رەحمان خانی کە ئەرکی پێداچوونەوەی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ